تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# شاهنامەی کوردی

# (هەورامی)

دانێرو وەرگێڕ:

**ئەڵماس خانی کەنوڵەیی ؟؟**

جەماوەری و دووبارەنوسی

**موحەمەد رەشیدی ئەمینی**

# شاهنامەی کوردی

## (هەورامی)

دانێرو وەرگێڕ:
**ئەڵماس خانی کەنوڵەیی ؟؟**

جەماوەری و دووبارەنوسی:
**موحەمەد رەشیدی ئەمینی**

کۆمپیۆتەر و دەرهێنانی هونەری:
**پەیمان کاکابرایی**

پێتچن:

ئەژمارە:

# ناوەرۆك


وەك پێشەكی.................................................. ٧
چیرۆكی رۆستەم و كەی كۆهزاد.................................. ٤٥
چیرۆكی حەوت خوانی رۆستەم.................................... ٥١
چیرۆكی رۆستەم و زۆراب....................................... ٧٥
چیرۆكی سیاوەش............................................... ١١٩
چیرۆكی برزوو فەلاوەند........................................ ٢١٣
چیرۆكی مەنیژەو بیژەن........................................ ٣٧٣
چیرۆكی شەڕی حەوت لەشكر..................................... ٤١٧
چیرۆكی رۆستەم زەردەهەنگ..................................... ٥٣٥
چیرۆكی رۆستەم و ئەسفەندیار.................................. ٥٨٩
چیرۆكی رۆستەم و شووغاد...................................... ٦٢٥
چیرۆكی بەهمەن و فەرامەرزوئازەربەرزین........................ ٦٤١
سپاس و پێ زانین............................................. ٧٠٧
كوپی دەست نووسەكان.......................................... ٧٠٩



@kurdica

# وەك پێشەكی

فەرهەنگ و ئەدەبی كوردی پێشەینەیەكی دێرینو پڕلە شانازی هەیەو لە هیچ كاتو زەمەنێكا بێ دەنگ نەبوەو ئەركی نەتەوەیی خۆی بە جوانی بە رێوە بردوە، ئەگەر هاتو لە روانگایەكی زانستی و عیلمیەوە سەیری بابەتە ئەدەبیەكانی زمانی كوردی بكەین ، بۆمان دەرئەكەوێت میلەتی كورد لە پاڵ ئەو هەمووچەرمەسەری و بەستی دەسەڵاتی هەمەلایەنەو نەبوونی ئیمكاناتی چاپەمەنی وراگەیاندنانە ، هیچ كاتێ رەوتی فەرهەنگی خۆی لە یاد نەبردوەتەوەو لەهەر كاتو زەمەنێكا بە پێوەری تواناو گوێرەی زانیاری ئەوسەردەمە هەنگاویان بۆ هەڵ گرتوە ، تاوەكو لە گەلانی دیو دەراوسێكانیی بە دوا نەكەوێت .

یەكێ لەو بابەتانەی هەرلە كۆنەوە میلەتی كورد بایخی پێ داوە چیرۆك نوسیو چیرۆك خوێیندنەوە بووە بەواتای مامۆستا (عەلائەدین سەجادی)بۆ مێژینەی ئەم جۆرە بابەتانە لە مێژوی ئەدەبی كوردیدا دەڵێت (ئەوئادەمیزادانە كەباو باپیرانی ئێمەن و لە ئەشكەوتو چۆڵ و بیابانەكاندا رایان ئەبوارد كە ئەكەوتە ئێوارە لە گوێی ئاگردانەكانیان كۆئەبونەوە ، قسەودەنگوباسی ئەوەیان ئەگێڕایەوە كە ئەورۆژە چۆن بەرنگاری دەڕەندەیەك بوون و چۆن خۆیان پاراستوەو ......... وای لێ هات كوردەكان داستانی باوكانی خۆیان ئەگێڕایەوە بۆ زاورۆكانی خۆیان وبەم كردەوەیە بناغەیە كیان دانا بوو بە ئەدەب ) .

راستە ئەمە تەنها بۆچونێكەو بەڵگەیەكی واقعیمان بە دەستەوە نییە بۆ راستی و ناراستی ، كە چی بێ هیچ گومانێك ئەتوانین بڵێین ئەوە واقعیەتێك بووەو ددانی پێدا بنێن ، كەئەدەبی چێرۆك وێژیو چیرۆك گێڕانەوە هەرلەو دەورانەوە لە نێو میلەتی كورددا دەستی پێ كردوەو هەتا زۆربەی بەساڵا چوان ونەخوێندەوارەكانیش ئێستاش جار جار ئەوشتانەمان بۆ ئەگێڕنەوە .

وێنەیەتریش كەباوەڕمان بەو بۆچوونە زیاتر ئەكات مەنزەمەكانی زمانی كوردین ، لە رابردووی دوورو نزیك چە ئەوانەی بە شێوەی رازوو چیرۆك بە ئێمە گەیشتوون چە ئەوانەی سینەبە سینە، چاپ كراوو چاپ نەكراو شاهیدێكی راستە قینەن بۆ ئەم بابەتە.

لێرەدا لەبەر بەستی ئاگاداری هەمەلایەنە ناتوانم لێك دانەوەیەكی چڕو پڕم لە سەر ئەم بەشەی ئەدەبیاتی كوردی هەبێ ، بۆ ئەوەی ئەو بابەتانە چەندەی جەماوەری وچاپ كراوە چەندەها ئەوەندەیتریشی لە نێو بەیازو دەست نوسەكاندا و سینگی جەماوەردا ماونەتەوەو زۆریشیان لە ناو چوون، بەم بۆنەیەوە بەستی ئاگاداری هەمەلایەنە دێتە ئاراوە، بۆیە منیش تەنها لە سەرهەندێ لەو بابەتە ئەدەبیانەی ناوچەی هەورامان ئەدویم كە زیاتریشیان چیروكە شێعرەكان ئەگرێتەوە ،بە هیوای ئەوەی كە رۆژێبێتە پێشێ تەواوی ئەو ئەسەرانەكەوەك سەروەتو سامانێكی میلین لە تەواوی ناوچەكانی دیكەی كوردستاندا چەماوەریو بە تێك ڕا چاپ كرێن و بكەونە بەردەستی هەموان .

کاتێ کەباسی ئەدەبی هەورامی دێتەئاراوە ، بابەتی زۆرمان هەیە کە هێشتا هەرمانیان لە سەر نەکراوەو هەروا ماونەتەوەو، کە زۆربەیان وەك دابەش کردن ئەچنە بەشەکانی ، ئاینی ، سروشتی ، حیماسی ، ئەویندارى و..... کە هێشتا زۆربەیان نەکەوزتونەتەژێر چاپ .

وەك چەنگنامەی خاوەران و خالد نامەو غەزەوات لەبەشی ئاینی ، شەماڵ وزلان لەبەشی سروشتی ، مەنزومەکانی سولتان ئیبرایم و نوش ئافەرین ، لەیلێ و مەجنون حەیدەرو سنۆبەر لەبەشی ئەویندارى ، شاهنامەی کوردی (هەورامی) و چەند وێنە لەم بابەتە لەبەشی حیماسی دا ، لێرەدا باسەکەم کورت ئەکەمەوە دێمە سەر شاهنامەی کوردی (هەورامی) کەبەراستی یەکێ لە شاهکارەکانی ئەدەبیاتی کوردییە ، بەداخەوە تابە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی سەرجەم و تەواوی هەرمانی جەماوەری لەسەرنەکراوەو نەچوەتەژێرچاپەوە ، واش ئەزانم لە هیچ کاتێکیش دائەو ئاواتەمان بە دی نایەت، لە بەر ئەوەی زۆرێ لەو بەسەر هاتانە یان فەوتاون یان لەسەر ئەساسی خۆیان نەماون ولە ناو چوون .

هەروا وتمان ئەم شاهنامەیە ئەسەرێك بە نرخو کەم وێنەیەو بە بۆچوونو باوەڕی هەندێ لە نوسەران و روناکبیران دانێری زۆربەی بەشەکانی ( ئەڵماس خانی کەنوڵەیی)یە ، ئەگەرچی تابە ئەمڕۆ من بەش بەحاڵی خۆم بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراوم لەم بارەیەوە دەست نەکەوتوە ، تەنها ئەوەی لەم دوایەدا دەستنوسێکم بەدەست گەیشت کە لەساڵی (١١٢٠هـ ق ) دا نوسراوەو لە سەرەتای دەستنوسەکەشدا نوسیویەتی ( کلام رضا خان پدر الماس خان کندله ایی سنه ۱۱۲۰)

**یانی کەلامی رەزا خان باوکی ئەڵمـاس خانی کەنوڵەیی لە ساڵی ١١٢٠) هەربەمەیا بۆمان دەرئەکەوێت کە بنەماڵەی ئەڵماس خان لەسەر دەمی باوکیەوە دەستیان داوەتە وەرگێڕانە دانانی شاهنامەی کوردی ، هەتا لە کاتی خۆیدا دەستنوسێکم دەست کەوت کە چیرۆکی مەنیژەو نیژەنی تێدا بوو ، لە ژێر نوسی ئەو چیرۆکەدا مێژوی ساڵی(١٦٧٧) لە سەر نوسرابوو کە ئە سەردەمەیش ئەڵماس خان منداڵ بووە ، بەس ئەوەیش دیارە کە هی باوکی ئەڵماس خان بۆوە، بە هەر حاڵ هی هەرکامیان بۆبێت من لەسەر ئەوە باوەڕەم کە زۆربەیان دانێرو وەرگێڕی ئەڵماس خانن و بۆیە بەناوی ئەویشەوە ئەیان نوسمەوە ، ئەگەرچی بەدووریشی نازانم کە هی میرزا شەفیعی کولیایش بێت ؟.**

## کورتەیە لە ژیانی ئەڵماس خانی :

**ئەڵماس خان هەروا زۆربەی نوسەرانو رۆشنبیران باسیان لەسەر کردوە یەکێ لە شاعیرانی پایە بەرزی کوردە ، کە ئاسارەکانی بەشێ لە شاهکارانی ئەدەبی کوردین، لەوان ئەتوانین دانان و وەرگێڕانی شاهنامەی کوردی و خورشیدو خاوەرو نادر نامە و خەسرەو شیرین، پشیلەو مشك و ....... ناو بەرین .**

**ئەڵماس خان بێگومان لە کەناری ئەمانەیش دا شیعری کەی هەبوون کە بەداخەوە تابە ئێستا ئاسارەکانی بە شێوەیە سەرجەم جەماوەری نەکراون و نەکەوتونەتە بەردەست .**

**ئەڵبەتە لەچەند سەرچاوەیەك وەك مشاهیری کوردو حەدیقەی سولتانی و مێژوی وێژەی کوردی و ... بەشێوەیەکەی زۆرکورت باسیان لەسەر ئەڵماس خان کردوە، هەتا مامۆستا بۆرەکەیی ئەڵماس خانی کوردستانی و ئەڵماس خانی کەنوڵەیی بەدوو کەس ناو بردوون ، هەرئەو شیعرەی کە بۆ میرزا شەفیعی کولیایی بە ناوی( شەفیع دونیای دوون ......) دانراوە بە ناوی ئەڵماس خانی کوردستانی نوسیویەتی ، کەچی ماموستا موحەممەد عەلی سولتانی ئەو شیعرەی بەناوی ئەڵماس خانی کەنوڵەییەوە هێناوە ، من زیاتر لەسەر ئەوبۆ چونەی مامۆستا موحەممەدعەلی**

سولتانیم و باوەڕیشم بەوەی هەیە كە ئەڵماس خانی كوردستانی هەرئەو ئەڵماس خانی كەنوڵەییە بێت وهەرئەویش لەگەڵ میرزا شەفیعی كولیاییدا نزیكایەتیو نامە گوڕینەوەیان هەبوە ، بۆ وینە میرزا شەفیع لە پارچە شیعریكەدا كە بەناوی كەدخودا فەرهادبەیگی پریانی داینـاوەو پیاهەڵدانێكی باشی لە سەرنوسیوە لە شوێنێكی شیعرەكەدا ئەڵێت :

| | |
|---|---|
| تا ئەو رۆ ئەڵمـاس سـەر نیا نەخاك | مەكەردش تەعریف بەور سینە چاك |
| ژەدمـــای ئەڵمـاس هـەم بە دلێری | چـــەند جــا نمانای مـــەساف شێری |
| گوفتەی ئەڵمـاس خان هەرهاوەیادم | مەوات من سەر بەرز مەردی فەرهادم |

دیار ئەم فەرهاد بەیگەیشە یەكی لە كەسانی ناودار بووە كەلە هێزی ئەردەڵان و بەردەستی ئەڵماس خانا بەشدار شەڕكانیان كردوە ، پەریان یان پریانیش لە نیوان صەحنەو كەنولەدایە و دیارە هەر ئەو نزیكایەتیە بوتە هوی دوسایەتی ئەڵماس خان و فەرهاد بەیگ .

بە هەر حاڵ بەبڕوای من ئەوەی كە مامۆستا سولتانی لەمەڕ ئەڵماس خانەوە فەرمویەتی بە جێترە ، كە میرزا ئەڵماس خان ، سەرهەنگ ئەڵماس خان ، ئەڵماس خان كوردستانی ، هەرسێ ناوەكە بۆ ئەڵماس خانێ كە فەرماندەی تیپی سنندج یان (تیپی ئەردەڵان) لە سپای نادرشادا بووە وتراوەو هەموشیان هەر ئەو كەسەیە لە شەڕی مانگی سەفەری ساڵی (١١٤٦) لە نێوان نادرشاو تۆپاڵی عوسمانیدا بەشداری كردوە ، كەبە بڕوای هەندێ لە نوسەرانی وەك سیرجان و میرزا مەهدی خان لە كتێبی جەهانگوشای نادردا ، هۆی ئەو تێشكانی نادەریان خستوەتە ئەستۆی ئەڵماس خان وبەو بۆنەیەو ئەبێتە هۆی تورەیی نادرولەو پەڕی رقو كینە دا ئەڵماس خان لەكار لادەبا ، ئەویش دەچێتەوە كەنولەو لەویدا رۆژگاری بە شیعرو موسیقا ئەداتە سەر، نیهایەتەن مامۆستا موحەممەد عەلی سولتانی ئەڵێت لە نێوان ساڵی (١١٩٠ تا ١١٢٠) كۆچی دوایی كردوە ، كەچی مامۆستا بۆرەكەیی ساڵی (١١١٨تا ١١٩١) بۆ ژیانی ئەڵماس خان داناوە ، ئەوەی راستی بێت تەنها ئەوەیە كە ئەڵماس خان وەك سەردارێكی هێزی نادرشا لەچەند شەری نادردا بەشداری كردوەو دوای شەڕی نادرو تۆپاڵ لەكار لادەبرێ و هەرئەوەی منیش لەسەر ئەوبیروبۆچونەی مامۆستا سولتانیم چە میرزا ئەڵماس خان و سەرهەنگ ئەڵماس خان و ئەڵماس خانی كوردستانی بەیەك ئەزانم و تەنها جیا لە (خان ئەڵماسی ) لوڕستانی كەئەو زیاتر شیعرەكانی لەسەر ئاینی یارین ئیدی ئەوانی كە هەمویان یەك كەسو ئەڵماس خانی كنوڵەین ،تەنها ئەوەی ساڵی لە دایك بونی بەرابەری ئەو دەستنوسە تازەیە كەدەستمان كەوتوەو ساڵی (١١٢٠ هـ ق) بوداناوەو نوسیویەتی رەزاخان باوكی ئەڵماس خان ، دەكەوینە شەكو گومانەوە ، وادەرئەكەوێت لەو سەردەمانەدا ئەڵماس خان پیاوێكی لێ هاتو كار ئامۆ بوبێت ؟

## كورتەیە لەوبابەتانەی شاهنامە كە لێرەدا ئامادە كراون .

ئەگەرچی ئەم ئەسەرانە لەبەر دەس بەدەس بونی و نەبونی نوسخەی ئەسڵی و ئەو كەسانەش كەئەوانەیان دووبارە نوسی كردونەتەوە یان شاعیر نەبوون یان رادەی خوێندنە وەیان لەئاستێكی خوارەوەدا بوە، شتانی زۆریان پێ زیادو كەم كردون، هەرئەمەش بوەتە هۆكارێ كەلەباری ئەدەبیەوە لاواز دەكەونە بەرچاو ، لە كەناری ئەمەش دا بەراستی ئەتوانین بڵێن یەكێ لەشاكارەكانی ئەدەبیاتی كوردی كەبەدیالیكتی شیرین و رەوانی هەورامی نوسران، ئەم ئەسەرە كەم وێنەو بەنرخەش هەروا كە وتمان بە بۆچونی هەندێ لەنوسەران و روناكبیران لەسەرئەوباوەڕەن زۆربەی بەشەكانی (ئەڵماس خانی كەنوڵەیی) دانێرو وەرگێڕی ، كەلێرەدا ئاماژە بە هەندی لەو سەرچاوانە ئەكەین .

بۆوینە بەشێکی زۆرکورت لەووتاریە کاك ئەحمەدی شەریفی یەکێ لەنوسەران و لێکوڵەرانی پایەبەرزی کورد لەم بابەتەوە دەیخەینەبەرچاو کەددان بەئەڵماس خان دا دەنێت ودەڵێت(لە بەشی باشووری کوردستان لەنێو بنەماڵە دێرین و ئەسیلەکانی کورد نوسخەی خەتی چیرۆکە شیعری کوردی زاراوەی هەورامی بەزۆرینە دەکەونەبەرچاو کەزیاتریات ئەمانەن ، روستەم و ئەسفەندیار،رۆستەم وزۆراو ، روستەم وزەردەهەنگ ، حەوت لەشکر ، کەنیزەکو یانزە ڕەزم ، حەوت خوانی رۆستەم ، جەهانبەخش وقەیترانی دێو، کەیخەسرەووئەفراسیاو وە.... ، کە کوردەکان پێی دەڵێن شاهنامەی کوردی باوەڕیشیا لەسەرئەوەیە کەئەلماس خانی کەنولەیی نوسیویەتی ).

یان مامۆستا هەورامانی دەڵێت ( لەشاهنا مەی فیردەوسی دا باسی وەچەو نەوەی سام وزاڵ و رۆستەم زۆراب وەك پاڵەوانانی یاریدەرانی کەیانیەکان هاتوەو رێزیشیان بۆدانراوەو بەیەزدان پەرەستیش لە قەڵەم دراون لەناو کوردەواریی ناوچەیەکانی هەورامان و کوردستانی ئێران دا بەدەیان رازو سەر گوزەشتەی ئەوپاڵەوانانە هەیە ) پاشان دەڵێت (من چیرۆکی کەنیزەك ویانزدە رەزمم لەلایەو دانێریشی ئەڵماس خانی کەنولەیی بووە).

ئەگەرچی بۆ دانان و وەرگێڕانی شاهنامەی کورد هەندی باوەڕیان لەسەر میرزاشەفیع کولیایی ومیرزا عەبدولقادری پاوەیی و ئەڵماس خانی کەڵهوڕی ومستەفای گۆران هەیە، باتەوەجو بەوەی من ماویەکی درێژخایەنە خۆم خەریك کردوە بەجەماورەی و دووبارە نوسی ئەوشاهنامەیەو زیاترلە یازدە داستان یان چیرۆکم دەست کەوتون وئامادەی چاپیشن ، لەسەر ئەوباوەڕم ناتوانن هی یەك نەفەربن لەبەرئەوەی هەندێکیان چۆنیەتی داڕشتنی زاراوەکانیا جیاوازیان تێدا بەدی ئەکرێت ،ئەگەرچی ئەوەیش ئەگرێت هەڵگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوچیرۆکانە هەردەم لە شوێنێکەوە دەست کەوتوەنو باز نوسیان کردونەتەوە، هەندێکیشیان وەك ئەوەیە کەلە زمانی یەك کەسەوە داڕژاون نزیکایەتی زۆریان تێدا بەدی ئەکرێت وەك ئەم چەند دێڕەی خوارەوە .

برزوو فەلاوەند:

| | |
|---|---|
| ســـەد گـــەز درازەن بەڵکـــەم زیاتـــە | چون کۆی بێستون ئەژدەهای کافەر |

یان :

| | |
|---|---|
| یەك نیمی کەلـەش چـون کـۆی بێسـتون | جەزەرب شمشێرکەفت نەروی هـامون |

هەفت لەشکر:

| | |
|---|---|
| ئامـا ئـەژدەها نەوسـەحرای هـامون | تـەنش بـە وێنـەی کـۆهی بێســتون |

رۆستەم وزەردەهەنگ:

| | |
|---|---|
| ئەسڵەن کـار نەکـەرد نـەدێوی مـەلعون | قوڵنگ دا نـەفیل چـون کـۆی بێسـتون |

روستەم ئەسفەندیار :

| | |
|---|---|
| رۆستەم جەپەی رەخش خستەوسەرنگون | مەلـەرزا جـەبیم چـون کـۆی بێسـتون |

ئەم وێنانە نەئەوەی باوەڕمان بەوەی پەیدا ئەکات لە زمانی یەك کەسەوە داڕژاون ، دیارە ئەو یەك کەسەیش بە گوێرەی جۆگرافیایی لە نزیکی بێستون دا ژیاوە، هەتا لە زۆربەی بەشەکانیتردا ناوی بێستوون بە زۆرینە ئەکەوێتە بەرچاو،دیارە دانێر یان وەرگێڕی ئەم شاهنامەیە کەسێ بووە لە نزیك و دەورو بەری بێستون دا ژیاوە، کە ئەوەش ئەڵماس خانو میرزا

شەفیعی كولیایی ئەگرێتەوە ، ئەگەرچی هەندێ لە بۆچونەكانیش بۆ میرزا شەفیع دوور نییەوئەتوانێ هی ئەویش بێت ، لەسەرئەم باوەڕش و بەپێی ئەوبۆچونانەو شتانی كەی لەم بابەتە من تەواوی شاهنامەكەم بەناوی ئەڵماس خانی كەنولەییەوە داناون، ئەڵبەتە لەكەناری ئەوەش دا نیشانەی پرسیارم داناو كەهی ئەون یان نا ؟، یەكێتر لەوشتانەی كەلێرەدا ئەبێ باسی لەسەربكەین ، جیاوازی شاهنامەی كورد لەگەڵ شاهنامی بلیمەتی فارس فیردەوسی تووسی ، كەئەو جیاوازیەش تاڕادەیەكە زۆرێ لە نوسەران و لێكۆڵەران لەسەر ئە وباوەڕەن شاهنامەی كوردی پێش فارسی نوسراوە ، من ناتوانم ددان بەوەدا بنێم ، لەبەر ئەوەی تا بەئەمرۆ هیچ نوسخە ، یان نوسراوەیەكی باوەڕ پێكراومان دەس نەكەوتوە كەپەسەندی ئەوڕاو بۆچونەبكات، راستە هەندی لەبەسەرهاتەكانی شاهنامەی كوردی جییاوازیان لەگەڵ شاهنامەی فیردەوسی داهەیە ، تاڕادەیە وابزانین ئەوبەسەرهاتانە تایبەتی شاهنامەی كوردین وەك ، برزو فەلاوەند ، روستەم وزەردەهەنگ ، بەهمەن و ئازەربەرزین ، رەزمی حەولەشكروە... ، هەروەها هەندێ بۆچون هەیە ناتوانین ئەوانەیش رەدكەینەوە، وەك ئەوەی ئێستاش لە دەورو بەری پەڕاوو بێستون دا شوێنەوارو ناوانی بەرچاو ئەكەون كەتەنها لە شاهنامەدا وجودیان هەیە، وەك سەمەننگان ، گوندی كاوس ، گۆڕی زۆراب ، وە شتانی لەم بابەتە، كە شەكو گومان لەو راو بۆچونانەدا پەیدا ئەكات .

هەرئەم بابەتە بوەتەهۆی ئەوەی كەشاهنامەی كوردی لەفارسی كۆنتربزانرێت ، كەچی ئەمە ئەوەمان بۆ رون ئەكاتەوە میلەتی كورد لایەنگرو دڵەو داوی ئەو بابەتە چیرۆكانە بون ئەو لایەنگریەش بوەتەهۆی دارژاندنی زۆرێ لەم ئەسەرانە لەسەرئەساس و بۆچونی شاهنامەی فیردوسی كە كەسایە تیكانی نێو شاهنامی كورد بەڵگەیەكی باوەڕپێ كراون بۆ ئەم بابەتە ، ئەوچیرۆكەشیعرانەش تابەئەمڕۆدەستی من كەوتون ئەمانەن كەبەتەرتیبی شاهنامەی فارسی ناویان دەبەین و باسیان لەسەرئەكەین ١- رۆستەم وكەی كۆزاد٢ – حەوت خوانی رۆستەم ٣- رۆستەم و زۆراب ٤- چیرۆكی بەسەرهاتی سیاوەش ٥- برزوفەلاوەند ٦- مەنیژە وبیژەن ٧- شەڕی حەوت لەشكر ٨- رۆستەم وزەردەهەنگ ٩- رۆستەم وئەسفەندیار ١٠- رۆستەم وشوغاد ١١- بەهمەن وفەرامەر وئازەربەرزین، بەگوێرەی سەرچاوەكان كەباسیان كردوە وا دەزانم شاهنامەی كوردی(هەورامی) لەوەی زیاتربێت ، كەچی ئیمە هەر ئەوانەمان دەست كەوتون زۆربەشیان ناتەواون .

## چیرۆكی رۆستەم وكەی كۆزاد

هەرواكەوتمان بەتەرتیبی شاهنامەی فارسی باسیان لەسەرئەكەین ، بەس یەكەم چیرۆكی ئەبێ لیرەدا باسی لەسەر بكەین چیرۆكی رۆستەم و كەی كۆزادە ، ئەم بەسەرهاتە هەروەك زۆربەی چیرۆكەكانی تری دیالیكتی شیرینی هەورامی بەشێوەی دەست نوس بەدەستی ئیمە گەیشتوە ، ئەگەرچی ئەویش ناتەواو بوو هەرچی گەڕاین نوسخەیەكی كەمان دەست نەكەوت هەتاوەك سەرجـەمێ بنوسرێتەوە هـەربەوەی قـەناعـەتمان كرد، سـەرجەم ١١٠ دێرو هەروەك خۆی نوسیومانەتەوەو ، لەپاڵ ئەوەش دا بۆمان رون نەبویەوە كەنوسەری ئەم چیرۆكە كێ بوەو لەسەرەتاو كۆتاییش دا ناوی كەسی لەسەرنەنوسرابوو ، هەتا لەروی نوسینیشەوە بەیەك شێوە زاراوە نەبو تادەس بنێنە سەرناوچەیە ، هەرچەند لەروانگایەترەوە ئەكرێ تاوانی ئەوتێكەلاویە بخەینە سەرئەستۆی دووبارە نوسی ئەونوسخانە كەهەردەم لەشوێنێ كەوە كوپی بەرداریان كردون وزۆربەی ئەوانەش یان خوێنەواریان لەئاستێكی كەمدا بووە یان هەندی وشەیان بەجوانی بۆنەخوێنراوەتەوەو شتانێكی جیا لەشوێنیا داناو ، بۆوێنە باسەیری ئەم دوو دێرە بكەین .

**زەلزەلـــەی زاری مەچـــۆیەن نـــەگۆش          چـــوون بەچـــە شێران ئامابەخـــرۆش**

**یـــان :          واتـــش ئـــەی بابۆدادرەســـــی ولاٌت          سەبەب ساز وێشەن پەریٚ مەخلوقات**

لەدێڕی یەکەم دا وشە یان رەستەی (مەچۆیەن نەگۆش) بەمانای ئەچیٚ بەگوێیا لەشێوەی کەلهوڕی دەچێت ، کەچی لەدێڕی دووهەم دا وشەی (بابۆ) تایبەتی هەورامان و زۆرترش ناوچەی پاوە ئەکرێتەوە ، ئەگەرهاتو ئەوەشمان بەهی نوسەری ئەوئەسەرەزانی تەنیا شوێنێکیش ئەتوانیٚ ئەودووشێوەیە تێدا بێت بەبڕوای من ناوچەی کەنولەیە ، شیعرەکانیشی هەروەك زۆربەی شیعری کوردی بەتایبەت شێوەی هەورامی لەسەرکێشی دەبڕگەیی ولەقالبی مەسنەویدایە ، لەزۆرشوێنیش دا لاواز ئەکەونە بەرچاو وادەزانم هۆکار ئەولاوازیەش دووبارە هەلٚ ئەگەڕێتەوە بۆ سەر نوسخە بەردارەکان هەرواکەباسمان کرد ، هەرچەند تائەو دەمەی نەسخەی ئەسلی مان دەست نەکەوێت ناتوانین بیٚ سیٚ ودوو ددان بەوەش دا بنێن ، بۆوێنە باسەیری ئەم دێڕەش بکەین .

**جـەکزەی شمشـێر سەرپەنجـەی یـاران          چـوون گـۆلاو چـوون سـەیرباران مـەواران**

لێرەدا (چوون گۆلاوچوون سەیر) مانایەکی بەوشێوەیە نادابەدەستەوە بەبڕوای من ئەبیٚ(جۆی گۆلاٌو چوون سەیل باران مەوارا )ئەگەرچی قافیەکەیان نادا لەیەك کەچی بەدووری نازانم (یاران)ش (یارا) نەبوبیٚ .

ئەم چیرۆکە بەجیاوازیەکی کەمەوە لەگەلٚ شاهنامەی فیردەوسی دا کەلە پاشارۆکی دا هاتوە وەر گیراوە ، کەلێرەدا بەهەندیٚ لەو جیاوازیانە بەشێوەیەکی کورت ئاماژە ئەکەین .

لە فارسەکەیدا (کەی کوزاد) بەناوی (کك کۆهزاد) هاتوەکە هەزارو سەدوهەژدەساڵ تەمەنیەو زۆربەی ژیانیشی بەرێگریو جەردەیی بەسەربردوەو لەنیزیکی زابل دا بەسیٚ رۆژرێگا لەسەر کێوێکی بەرزدا قەلاٌیەکی دروست کردوە بەناوی (مەرباد) کەلەکاتی تەنگانەدا ئەچوویە نێوی ئەوقەلاٌیەو هیچ کەسی دەست ییٚ نەئەگەیشت وێنەی شیعری فارسی .

که درنزديك زابل به سه روزراه          يه كى كـــوبود ســركشيده بماه

يه كى قلـعه بالاى آن كـوه بـود          كه آن حصن از مـــردم انبوبود

مـــــر آن حصـــن مــــرباد بود          از آن جـان نابخـردان شـاد بود

لەوکاتەیەدا رۆستەم دە ساڵان ئەبیٚ لەنێو بازاڕی زابل دا لەدەم کابرایە ئەوەی دەبیسیٚ کەوا کۆهزاد هەرساڵ دەچەرمی گا باج لەزالٚ ودارودەستەکەی ئەسێنیٚ ، هەتا لە سەردەمی گەرشاسب و نەریمان وسام دا چەندەها جار لەلایەن پادشای ئێرانەوە جوون بۆ سەرکوتی کۆهزاد نەیان توانیوە سەرکەوتن بەدەس بێنن ، رۆستەم کەئەوەی دەبیسیٚ زۆرناڕەحەت ئەبێو دەچێتە لای زالٚ و بە توڕەیەوە دەلێت بۆچ ئەوەی پیٚ نەوتوە ، زالٚ هەرچەند ئامۆژگاری رۆستەم ئەکا کەتۆ هێشتا منداڵی ودەرەقەتی کۆهزاد نایەی ناچێت بەگوێیا ، پاشان لەگەلٚ میلادو گشواد دا دەچن بۆشەڕ لەگەلٚ کۆهزاددا و بەرەو قەلاٌی مەرباد ئەکەونە ریٚ و تا ئەگەنە ئەوشوێنە ، هەرلەوەیدا رۆستەم هاوارێکی بەرز هەلٚ ئەداو ئەهای کۆهزاد وەك ژن لەنێو ئەوقەلاٌیەدا خۆت هەشارداوە وەرەخواریٚ کاتی مەرگت هاتوە .

چوبشنيد آن نعره راكوهزاد          بلـــرزيد دل دربر بـد نژاد

بەهەرحاڵ پاش پێکاچونی لەگەلٚ چەند کەسێکدا کوهزاد دێتەمەیدان و بەدستی رۆستەم بەدیل ئەگیرێت ، هەرلەوکاتەدا زالٚ لەگەلٚ سپایەکی پێنج هەزار کەسی ئەگەنە ئەو شوێنەوبەدیتنی کۆزاد کەدەستو پێی بەسراوە فەرمان ئەدا تەواوی دارو دەستەکەی بکوژن و قەلاٌکەیشی لەگەلٚ خاکا دا یەکسانی کەن ، پاشان کۆهزاد ئەبا بۆلای پادشای ئەوسەر دەمەی ئێران کە مەنوجەرئەبێت .

منوچهر را چون رسید آگهـی	بخندید از آن فـر شـاهنشهی
كه در عهد من رستم نوجـوان	زمـادر بزادو بشـد پهـلوان
ببنـدد دوبـال كـك كـوزاد	چنان اهـریمن دوزد تیره نژاد

مەنوچەر لەوهەواڵ زۆرپێ خۆشحاڵ ئەبێو رێزی زۆر لەرۆستەم ئەگرێت و فەرمان كوشتنی كۆهزاد ئەداو دووبارە روئەكاتە رۆستەم و دەڵێت خۆزگە بەو كەسەی لەسەردەمی تۆدا ئەبێت بە پادشای ئێران .

كەچی لەكوردیەكەیدا (كك كوهزاد) ئەبێ بە(كەی كۆزاد)و ەك حاكمێكی بەدەسەڵات ناوی ئەبات كەتەواوی ئێران لەدەستی هاواریان هەستاوەو ، هەتا پادشاكانی كەیانی و سەردارانی هەمویان لەجەوری بەگیر هاتوون ولەتاجو تەخت بێزار بوون بۆوێنە .

**یـەك هەفتـە ئێـران بـێ شـەهریاربی	بـێ تەنتەنـەو تیـپ سـانو سـواربی**
**نەكـەیانانی زەڕیـن كـولابی	نەسـام زۆرچـەنگ نەقـوبادشابی**
**وەجـەور حكومـەت كـۆزاد بەدبـەخت	یەكسەر بێزار بین كولّ جە تاجوتەخت**

لەوسەردەمەی كەی كۆزاد دەنێرێ بۆ باج و خەراجی زابل تەواوی دانیشتوانی ئەوشارە دەكێشنە ژێر فەلاقەو بێگاری هەتا ئەوەی كە كۆزاد وتویە دەستیان كەوێت ، رۆستەم لەوكاتەدا وەك تەلەبەیە لەمەكتەبی گودەرزا ئەبێ وبەدیتنی ئەورواداوەزۆرنارەحەتوسەری سرۆئەمینێت ، بۆوێنە.

**رۆستەم نەودەمدا تازە نەوڕەس بی	دەرس خوانی گودەرز مەزمونش بەس بی**
**كـودەك نەوچـە جـەنگ نەكـەردە بـی	زۆربـازوی گـورز هیـچ نـە وەردەبـی**
**زەلزەلـەی زاری مەچـۆ یـەن نـەگۆش	چـوون بەچەشـێران ئامابـەخرۆش**

یەكێ لەو جیاوازیانی ئەم چیرۆكە ئەوەیە كەرۆستەم لێرەدا وەك تەلەبەیان دەرس خوێنی لە مەكتەبی گودەرزا خەریكی یاد گیری ئەبێ ، هەرلەوكاتەی كە رۆستەم ئەوزوڵم و زۆرەی ئەبینێ لەزاڵ و دارو دەستەكەی ئەكرێت خۆی پێ ناگیرێت و لە گودەرز هۆكاری ئەوكارە ساتە پرسیار ئەكات ، گودەرزیش دەڵێت ئەمانە پیاوی كەی كۆزادن هاتون بۆ باج و خەراج كە هەرساڵ لە بنەماڵەی زاڵ و داروەدەستەكەی ئەسێنن هەندێكیان نیەتیان كە پەرداخی كەن وایان بەسەرا دێنن ، رۆستەم ئەڵێت مەگەرمن مردووم كە كۆزاد باج لە زاڵ و بنەماڵەكەی بسێنێت ، گودەرز ئەڵێت رۆستەم تۆ هێمای منداڵی و نازانی كەوا كەی كۆزاد دێوێكی ناهەموارەو تا ئێستا كەسێ نەی توانیوە بەرنگاری بكات ، دارێكی شمشادی هەیە حەفتاو دوولەقەو هەرلەقێكی سەد بەشەو وەك ئەڵماس تیژە ولەزەربی ئەوداره كەس نەیتوانیوە گیان بەدەركات ، رۆستەم لەقسەكانی گودەرز زیاتر توڕە ئەبێت و دەڵێت هەر ئێستا ئەڕۆم و كەی كۆزاد باڵ بەس ئەكەم و دێنمی بۆ لای زاڵ ، گودەرزیش هەڵ ئەسێتەوەو یەك زلە ئەدا لەرۆستەم و ئەڵێت مەگەرشێت بووی تۆكێت كەبتوانی لەبەرانبەر كۆزادەوە راوەستی ، ئەوكەنەریمان و سام پێیان نەوێراوە تۆ هیشتا بۆی شیرت لەدەم دێت ، رۆستەم هیچ گوێی نادا بەگودەرزودەڵێت بەیەزدانی پاك ئەگەرلەدەمت بكەوێت كەوا من ئەچم بۆشەڕی كۆزاد ئەوا بەیەك مشت ئەت هەسووم بەئەرزا .

پاش بەرێ كەوتن گودەرزیش بۆ رێنوینی ئەبا لەگەڵ خۆیدا ، هەروا دەچن تا دەگەنە نێزیكی قەڵای كۆزاد یەكێ لە پاسەوانانی قەڵاهەواڵ ئەدا بەكۆزاد كەوا دووسوار لەدوورەوە دێن ، كۆزادیش دار شمشادەكەی ئەنێ بەسەرشانیەوەو لەقەڵاكەوە دێتە دەرێ كاتێ ئەودووسوارە نێزیك ئەبنەوە لێیان ئەپرسێ بۆچی هاتون ، رۆستەم خۆی پێ دەناسێنێ و

دەڵێت هاتوم بو ئەوەی گیانی تۆ بکێشم کۆزادیش بە پیَ کەنینەوە ئەڵێت بەزەیم دێتەوە بەجوانیتا هەڵ گەڕیرەوە توانای ئەوەم نیە بڵێن کۆزاد لەگەڵ منداڵێکا کەوتە شەڕکردن ، رۆستەم بەتوڕەیەوە دەڵێت ئەی مەلعون خەوەردارنیەی کەقابز لەبەرابەرتەوە راوەستاوە ئەبیَ بەزەیت بە خۆتا بێتەوە ، کۆزاد کەئەوەی دەبیسیَ سیَ جار بەوگورزی شمشادە ئەدا لەرۆستەم و وەکو میخ دای ئەکوتیَ بەزەویندا ، رۆستەم لەوکاتەدا ناوی یەزدان ئەباو تەعرەتەیە لیَ ئەداو لە گەڵ ئەسپەکەی لەخاك دێنە دەرێو دەکەونە شەڕگردن ، تائەوەی رۆستەم کەمەندیَ هەڵ ئەداو لە ملی کۆزادی ئەخاو رای ئەکێشێتە خوارو دەچێتە سەرسینگی و دەڵێت هەر ئێستا هەتا سەرناوکت شەقت ئەکەم ، کۆزاد ئەڵێت ئەی رۆستەم من ئەبم بەغولامی حەڵقە بەگوێت مەمکوژە، ئەویش دەستو پێی دەبەستی و بە گودەرزاهەواڵی دەنێریَ بۆزاڵ ، زاڵیش کەئەوەی لە گودەرز ئەبیسیَ دەڵێت هەرئێستا هەڵ گەڕیرەوە و بە رۆستەم بڵیَ کە ماوە بە کۆزاد نەداو دەس بەجی بیکوژێت ، گودەرزیش هەڵ ئەگەڕیتەوەو پەیامی زاڵی پیَ دەگەیەنی و ئەویش دەس بەجیَ کۆزاد ئەکوژی ، لەوکاتەدا زاڵش ئەگا بەرۆستەم شوکروسپاسێکی زۆری خوا بەجیَ دێنیودەڵێت ئەمەیارمەتی یەزدانی مەزن بووە کەتۆی بەسەر کۆزاد دا سەرخست .

| | |
|---|---|
| زاڵ نگاکـەرد رۆسـتەم دی وەچـەم | شـوکرخواکەرد دەرسـە عـات دەرهـەم |
| واتـش هـەی رۆڵـە نوردیـدەی مـن | رۆشـنی بیسـات بەرگوزیـدەی مـن |
| ئەریـەزدان وەتـۆ نمـەبی وەیـار | تـۆداوای لـەعین چـۆن مەکـەردی چـار |
| واتـش هـەی بـابۆ دادرەسـی ولات | سـەبەب ساز ویشـەن پـەریَ مـەخلوقات |
| پـەنام بـەرد بـەزات یـەکتایی دانـا | پەردەی پشت غـەیب کـەس سڕ نـەزانا |

لێرەش دا زۆر شتمان بۆ دەر ئەکەویَ یەکیَ لەوانە باوەڕو ئەندیشەی دانێری ئەم بەسەرهاتەیە کەلەروانگایەکی یەکتا پەرستیەوە سەیری رووداوەکەی کردوە هەروەك فیردەوسی هەرئەوەیشی کردوەبە هۆکاری سەرکەوتنی بەسەر یەکیَ لەئەوکەسانەی کەواساڵەهای ساڵ بوەتەهۆی چەو سانەوەی زۆربەی خەڵکی ئێران .

ئەڵبەتە هەروا لەپێش دا ئاماژەم پیَ کرد ئەم بەسەرهاتە لەکۆتایشا ناتەواوە ، لەوکاتە زاڵ لەگەڵ سپاکەی دا ئەگات بەرۆستەم وئەوە دەبینیَ پاشان دەڵێت ئەبی خەوەربدەین بەسەراسەری ئێران کە وا رۆستەم کۆزادی لەناو بردوە و هەمو کەسی رزگارکرد،کەچی ئیدی نازانین ئەوهەواڵ بەکیَ دراوەو پادشای ئەوسەردەمەی ئێران لە شاهنامی کوردی دا هەروەك فارسەکەی مەنوچەر بووە یان کەسێکی کە ، ئەوەش یەکی لەوهۆکارانەی ناتەواوی ئەم بەسەرهاتەیە هیوادارم رۆژیَ تەواوەکەی دەست کەوێت .

## چیرۆکی حەوت خوانی رۆستەم

بەگویەرەی ئەودارشتەیە کەبۆ ئەم بابەتانە دیاریمان کرد دووهەمین چیرۆکی شاهنامەی هەورامی حەوت خوانی روستەمە ، ئەم چیرۆکە لە روی دوو دەست نوسی کۆن کەدەستمان کەوتوە لەسەر رێنوسی ئەمرۆی کوردی نوسیومەتەوەو، ئەو دەست نوسانەش هەردووکیان ناتەواو بوون کە خۆش بەختانە یەکەمیان لەکۆتاییداو دووهەمیان لە سەرەتاوە ناتەواو بوون ، ئەگەرچی بەیناو بەین هەندیَ لە دێرکانی لەبەرداڕزاوی نەئەخوێنرانەوە یان چەند لاپەڕەیەکیان نەمابو ئێستاش هەرناتەواوە ئیمە بەوشێوەی خۆیە نوسیمانەوەوسەرجەمیش بویە٤٤٠ دێرەو بەشێوەی شیعری دەبڕگەیی یان دەهەجاییەو هەروەك زۆرینەی ئەم بابەتەشیعرانە لەسەرقاڵبی مەسنەوی دا رژاون وئەتوانین بڵێن یەکی لە باشتری

چیرۆكەكانی شاهنامەی كوردی (هەورامی)ە لە باری رەوانیو رێكو پێكی قەوارەی دارژاندی شیعریەوە كەناتەواوی زۆركەمی تێدا دەكەوێتە بەرچاو ، وادەزانم هۆكارەكەیشی دەگەڕێتەوەبۆئەوەی یەكی لەدەستنوسەكۆنەكان بێت.

دەستنوسی یەكەمیان هی نوسەریك بوو بەناوی میرزا عەبدولحسێن كە لەساڵی (١٣٢٧ هـ ق) دانوسیویەتی و سەرجەم ئەودەست نوسەیش شیعری میرزا عەبدولقادری پاوەیی بون هەر ئەمەش لەخۆیدا وێنەیەكە بۆ ئەوەی كە باوەڕمان بە وەیش بێت كە هەندێ كەس باوەڕیان لەسەر ئەوەی بوو كە میرزاش لەم بابەتە ئەدەبیەوە شتی نوسیوە؟ .

دەست نوسی دووهەمیان كە زیاتر لە دوازدە چیرۆكە شیعرە و تەنها یەك دانەیان بەناوی سولتان جمجمە فارسیە ، ئەوانی كەیان هەورامین كە ١١ یانزە لاپەڕەی سەرەتای ئەم چیرۆكە لەو دەست نوسەدا نەماوە و ئەمیش لەســاڵی ١٣٦٠ هـ ق بەدەستی موحــــەمــەد شـــەریف ناوی نوسراوە هەردووكیشیان لەیەك سەرچاوەن لەبەر ئەوەی چەند دێڕێ لەونیوانەدا لەهەردوودا هەبون وەك یەكن ، كاتێ ئەم چیرۆكەمان بەراورد كرد لەگەڵ حــەوت خــوانی فیردەوسی دا جیاوازیەكی زۆركەمی لێ دەكەوتە بەرچاو كە ئەوەش وەك وەرگێڕانێكی ئازادلەو لە شاهنامەی فارسی وەرگیراوە ، ئەگەرچی هندێ بۆچونی تایبەتی شاعیری كوردی پێوە دیارن هەتا لەزۆرشوێنا دەقاو دەق هەروەك فارسیەكەی بوو بۆوینە ، لەوكاتەی كە كەیكاوس شا مەجلیسی گەرم ئەبێ ، دەڵێت ئیدی كەسی لەمن باڵادەستر نییە تائەوەی ئەوگۆرانی بێژە (رامشگەر)ی دێتە مەجلیسەكەیە لە عەینی لێدانی تار یان بەربەت دا دەس ئەكابە پیا هەڵدان وتاریف كردنی مازندەران .

فارسی :

به بربط چوبایست برساخت رود — بــر آورد مــــازنـدرانی ســرود
كـــه مـــازندران شهرمـــا باد یاد — همیشـــه برو بــومش آبـــاد بـــاد
كـــه دربوستانش همیشـــه گلست — بكــو انـــدرون لالـــه وسنلست
هــوا خــوش گــوار زمین برنــگار — نه گرم و نه ســرد همیشه بهــار
نــــوازنـــده بلبـل ببـــاغ انـــدرون — گــرازنده آهـــو براغ انـــدرون

**هەر ئەم گۆرانی بێژە لەشاهنامەی هەورامیەكەدا بەم شێوەیە مەجلیسی كەیكاوس گەرم ئەكات**

كوردی :

**دەس پێــكا وەتــار نەغمــەی نــەهانی — ژەنــــــدش مقــــــامی مـــــــازندەرانی**
**گێڵام بە گوڵ گەشت چەنی سەرداران — وڵاتـــێ نـــەدیم چـــوون مازینـــدەران**
**پــەی چێش كــەدایم ســەبزو بــەهارەن — ســـەحراو دەرو دەشــت پــڕ ملخــوزارەن**
**بوڵبوڵ مــەوانۆ سوب نەسای چەمەن — رەیحان چەپ وەردەن چەنی یاسەمەن**

دەبینین لێرەدا ساختاری ناوەرۆكی شیعرەكە هەروەك یەكن بەوەرگێڕانێكی ئازادەوەو بەپەیرەوی لەفیردەوسی دانراوە ، تەنها لە شێوەی سازەكەدا جیاوازی دەكەوێتە بەرچاو كە لەفارسیە كەدا ( بربط )ەو لە كوردیەكەیدا (تارە) كەئەوەش لەوەرگێڕانی ئازاددا دوور لە باوەڕ نییەو بیری شاعیری ئەو وەرگێڕەش دەگەیەنێ كە زیاتر لەگەڵ تارا سەروكاری هەبووە تا بەربەت .

هەروا لە بەسەرهاتی شاهنامەش دا دیارە پاش ئەوپیاهەڵ دانە كەیكاوس دەكەوێتە سەری بچێت بومازیندەران و بیخاتە ژێر دەستی خۆی ، زاڵ كاتی ئەوەی دەبیسێ وەك دڵسۆزو پاڵپشتێكی وریای ئێران روو ئەكاتەكەیكاوس و دەڵێت هیچكام لە پادشاگەورەكانی ئێران نەیان توانیوە مازیندەران بەدەس بێنن ، هەتا خودی جەمشید كەتەواوی دێوەكان لەژێر

@kurdica

فەرمانی دابوون ئەوهەرمانەی نەکرد ، لەبەر ئەوەی شوێنی دیوانێ وەك دێو سفیدو جادوگەرانی ناهەموارە داواکاریم ئەوەیە ئەم بیرە لەسەردەرکەی ، کەیکاوس روئەکاتە زاڵ و دەڵێت من نیازم بە پەندە ئەندەرزی تۆ نیە زۆریش لە پادشاکانی پێش بەتوانا ترم ئەودیوجادوگەرانەش لەبەرچاوی من هیچ نین تۆ لەگەڵ رۆستەم دا نگابان و نگاداری ئێران بن من خۆم دەچم بۆ ئەوشەڕ ، زاڵ دەڵێت ئیمە هەمومان گوێ بەفەرمانی پادشاین ، بەڵام وەك دڵسۆزێکی ئەم ئاووخاکەداواکارم خۆت مەدە بەگوشتو سپات بەتالان ، بەهەرحاڵ هەرچی زاڵ هەوڵئەدا کەیکاوس بەگوێی ناکات و ئەویش مەجلیسەکە بەجێ دیڵێو هەڵ ئەگەڕێتەوەبو سیستان، پاشان کەیکاوس دەچی بۆمازیندەران و بەجادوو ئەفسونی دێوسفید هەمویان گوێر ئەکرین و دەیان خەنە زیندانەوە ، تەنها یەك نەفەرلەسپاکە بەدوا ئەکەویت ساخ دەمێنێت ئەویەك نەفەرەش بەسفارشی کەیکاوس رەوانەی لای زاڵ ئەکریت کەبەفریایان کەوێت .

لەوشوێنیشاجیاوازیە ئەکەوێتە بەرچاو ، کاتێ ئەو هەواڵ دەر لەلایەن کەیکاوس شاوە دەگاتە لای زاڵ و تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە لەبەشی هەورامیە کەیدا زاڵ دەس بەجێ پەیام هێنەرەکە ئەکوژێ ، کەچی لە فارسیەکەیدا وا نیە تەنها قەناعەت بەسرپۆشی ئەوهەواڵ ئەکات .

فارسی :

سـوی زابلسـتـان فـرسـتـاد زود — بنـزدیك دسـتـان بمـانند دود
چـو پویئنده نـزدیك دستـان رسید — بگفت آنچـه دانست ودیدو بشنید
چـو بشنیـد برتنش بدرید پوست — زدشمن نهان داشت آنهم زدوست

کوردی :

**واتـش زاڵ زەڕ بزانـە خـەوەر — سپای کـەیکاوس چـپش ئامـا وەسـەر**
**وەئەفسـون دێـو یـەکا یـەك سـپا — دونیـا جـە روشـان بـێن تـەنگ و سـیا**
**زاڵ زەڕ دەردەم کێشـا تیـغ تێـز — تەرسـا کـە دوشمـەن مـە کـەران سـتێز**
**دانە روی سینە جـەرگش پارەکـەرد — رۆحـش جەئەنـدام تـەن ئـاوارە کـەرد**

جیاوازیەکی کەلەم بەسەرهاتەدا لەگەڵ فارسیەکەی ئەکەوێتە بەرچاو ، رۆستەم پاش ئەم هەواڵە ئەچێت بۆ بەدەست هێنانی رەخش ،کەچی لەفارسیە کەدا پێش شەڕی ئەفراسیاو کەیقوباد ئەچێ بۆ دەست هینانی رەخش ، لە لایەتریشەوە دەرئەکەویت رۆستەم کاتی ئەچێت بۆ حەوت خوان لانی کەم زیاتر لە ٢٥ ساڵ تەمەنی بووە ، بەڵام لە هەورامیەکەدا دەڵێت رۆستەم لەوکاتە ١٠ساڵان ئەبێت ، لە خوانی دووهەمیش دا جیا وازیەکی بچوك لەبەرچاوە ئەویش کاتێ رۆستەم لەبەر تینویەتی هێزو توانای لەدەست ئەدا رووئەکاتە دەرگای یەزدان ولێی ئەپاڕێتەوە کەفریای کەوێت لەوکاتەی (مەڕ)ێ دەبینێ بەگورجی بەرەو شوێنێ دەڕوات دەڵێت بێ شك ئەو مەڕە ئەزانێ ئاوی خواردن لە کوێدایە دەکەوێتە شوێنی تادەگاتە سەرکانی وئاوێ ، کەچە لە هەورامەکەیدا ئەو (مەڕە) دەبی بە(ئاهو) وینەی شیعری هەردوو.

فارسی :

همانگـه یك میش نیکو سـرین — بپیمـود پیش تهمتـن زمیـن
از آن رفتن میش اندیشه خاست — بدل گفت کای آبشخور اینجا کجاست

کوردی :

لادێ دۆعاكـەرد بەدیـدەی پـڕ نـەم          نگاكەرد جـە دوور ئاهو دی بەچـەم
بــەتاو تــەعجیل جەرۆســتەم ویــەرد          مـەزانۆ جە كۆن چەشمەی ئاب سـەرد

دروس هەر وەك یەكن تەنها ئەو (مەڕە) ئەم (ئاهو)كە ئەوەش هەروا وتمان لە وەرگێڕانی ئازاددا تایبەتی وەرگێڕە كە ئاهوی بەجوانتر زانیو تامەڕ ، ئیدی لەوەی بەولاوە تا خوانی حەوتەم وكوشتنی دێو سفیدو رۆشن كردنەوەی چاوی كەیكاوس وسپاكەی و كردنی ئەولاد بەپادشای مازیندەران جیاوازیەكی وامان ناكەوێتە بەرچاو تەنها لە كۆتایی دا باسی شەڕو پێكاچون لەگەڵ پادشای مازیندەران لە هەورامیٚ كەیدا نیە ، كەچە لە فارسیە كەیدا باسی ئەوشەڕیشە كراوە ئەوكاتە بەداواكاری رۆستەم لەلایەن كەیكاوسەوە پادشاهی مازیندەران ئەدریٚ بەئەولاد .

## چیرۆكی رۆستەم و زۆراب

بەسەرهاتی رۆستەم و زۆراب  یەكیٚ لەوچیرۆكە دڵ تەزێنانەی شاهنامەیە كە ئێستاش پاش سەدان ساڵ هەركەسیٚ دەیخوێنێتەوە توشی دڵتەنگیو كەسەرێكی وادەبیٚ كەبۆ ماوەیە ئەبێتە مەشقەڵەی زهنی ، ئەتوانین بڵێن ئەم چیرۆكەش هەروەكو ئەوەی حەوت خوان بەجیا وازیەكی زۆر كەمەوە بە وەرگێڕانێكی ئازاد لەشاهنامەی فیردەوسی وەرگیراوە .
ئەمەشم لەروی دوو دانەدەست نوسی كۆن دەست كەوتون كەیەكەمیان زۆر كەمی مابو نزیك بە یانزدە لاپەڕو هیچ شتێكیشی لەسەرنەنۆسرابوو ، دووهەمیشیا ئەگەرچی ئەویش هەرناتەواوبو زۆرێكیشی لەبەرئاەكەوتن نەدەخوێنرایەوەو لە ناوە راستیشا نزیك بە شەش لاپەڕەی نەمابوو لەبەر ئەوەی هیچ نوسخەیەكی كەم بەدەست نەكەوت بەهەوڵ و تێكۆشانێكی زۆر ئەوەیشمان خستە سەر رێنوسی تازەی كوردی.
لەكۆتایی ئەم دەست نوسش دا تەنها مێژوی نوسینی دەست نوسەكە نوسراو كە (١٢٢٩هـ ق) هەروەها دیارە كە دووكەس نوسیویان و ئەوەیان كە بەجەوهەری سوور نوسیویە كەوتوتە بەرئاوو پەرپوت بووەبەڵام بەشی كۆتایی بەجەوهەر رەش و خەتێكی خۆش نوسراو كە بەتێكڕا نیزیك بە ١١٢٠ دیڕە بەداخەوە نەناوی نوسەری دەست خەتە وە نەشاعیرەكەی لەسەرنەنوسراوە ، ئەڵبەتە ئەو چەند لاپەڕەیە كەنەمابە لەگەڵ ئەو شوێنانەی كەئاویان كەوتبو بۆمان نەخوێنرایەوە بەدانانی نوختەچین دیاریمان كردون .
رەوتی شیعری ئەم چیرۆكەش هەر ئەوقاڵبی مەسنەوی و لەسەركێشی دەبڕگەیی دانراوە و دیارە شاعیرە كەشی تارادەیە توانیویەتی لە وەرگێڕنەكەدا  سەر كەوتوبێت ، جارجاریش بۆ چونی خۆیشی تیدا گونجاندوە وەك سەرەتای دەس پێكردنی چیرۆكەكە ئەگەرچی هەندێكی لیٚ نەماوەو لە شونەی كە دەس پی ئەكات لەگەڵ نۆسراوەكەی فیردەوسی دا جیاوازە ، وەك ئەمەی كە تەهمینە كچی پادشای سەمەنگان لە خەودا رۆستەم ئەبینێو شەیدای ئەویاڵ و كۆپاڵەی دەبێت و بەنیزیكانی خۆی دەڵێت هەرجۆرێكتان كردوە بەڵكوو رەخشی رۆستەم بێنن بۆ سەمەنكان ئەوكاتە بیٚ گومان رۆستەم بەدوای رەخشا دیٚ بۆ سەمەنكان ، ئەوهەلەشیان كاتیٚ بۆدێتە پێشیٚ كە رۆستەم دەچێت بۆ راو لە نیزیكی سەمەنگان دا ، ئەوانیش دەچن بۆ ئەو راوگەیەو لەوكاتەی كە رۆستەم خەوی لیٚ ئەكەوێت پاش تێكوشانێكی زۆرو كوشتنی چەند كەسێكیان  رەخش ئەگرن و ئەیبەن بۆ سەمەنگان ، كاتیٚ رۆستەم لەخەو هەڵ دەسیٚ هەرچی دەڕوانی رەخش نابینی

بەکوشتنی ئەوچەند کەسەی بەوەسیلەرەخش تیٚ دەگات کە رەخشیان دەزیوە ، تەواوی کەرەسەو زینە لەغاوی هەڵ دەگریٚو ئەکەویٚتە شویٚنی پیٚی هەتا دەگاتە شاری سەمەنگان ، بۆ وینەی .

کوردی :

تەهمینە واتش وەیاران تەمام دیەنم نەخاو نەوەی زاڵ و سام

رەخش فیلەتەن باوەرن پەریم ئەوسـامەزانون چەنی کارویٚم

تابەیۆ وەی جا نامدار رۆستەم بەڵکو خواوەند بیاونۆ وەهەم

لەوکاتەدا هەواڵ ئەدەن بەپادشای سەمەنگان کەوارۆستەم بەرەو ئەم شارە دێو دیارە رەخشی لیٚ دزراوەو زۆریش تووڕەیە ، پادشای سەمەنگان لەگەڵ کاربەدەستان و پیاو ماقوڵانی خۆی دەچن بەپیٚشوازی روستەم و دەڵیٚت ، پیلەتەن چۆن بووە بەم شیٚوەیە ریٚگات کەوتوەتە ئەم شوێنە ، ئیٚمە هەمومان بەهاتنت پیٚ خۆشحاڵین ، رۆستەمیش بە تورەیەوە بەسەرهاتی دزینی رەخش باس ئەکاو دەڵیٚت شویٚنی رەخشم تا ئەم شارە هیٚناوە سویٚن بەیەزدانی پاك ئەگەر بەزوترین کات رەخش پەیدا نەکەن کاریٚ دەکەم کەخوێن لاشەببا ، پادشای سەمەنکان دەڵیٚت هیچ باکت نەبی ئەگەر رەخش لەژیٚر ئەرزدا یان ئاسماندا بیٚت هەتا بەیانی بۆت پەیدای ئەکەین، رۆستەم لەوواتەی پادشای سەمەنگان دڵنیا ئەبیٚو ئەوشەو بەزمیٚکی شاهانەی بۆ دەگیٚریٚت ، کاتی نوستن جیٚگایە بۆ رۆستەم دیاری ئەکەن ، تەهمینە کچی پادشای سەمەنگان لەوکاتەی کە بەشیٚ لە شەو تیٚپەڕ ئەکات دەچیٚ بۆ ئەوشویٚنەی کە رۆستەم تیٚیدا نوستوە ، کاتیٚ ئەچیٚتە نیٚو هۆدەکەی رۆستەم سەیر ئەکا نوستوەو ئەچیٚتە لای دەستیو دەست ئەکات بەشیٚلانی دەستو پیٚی رۆستەم کە خەوەری ئەبیٚتەوە دەبینیٚ یەك نەفەرلای دەستیدا دانیشتوەو روی خۆی داپۆژاندوە ،رۆستەم دەڵیٚت تۆکیٚیت و بۆچ مەبەستیٚ هاتوی ، تەهمینە خۆی پیٚ دەناسیٚنی و دەڵیٚت من زۆرشتم لەسەرتۆ بیستوە وشەیدای پاڵەوانیو رەوشتی پیاوانەی تۆ بووم ئەگەر مەیلت بیٚ من لەباوکم خوازبیٚنی بکە هەتا لەنەسڵ ئیٚمە کەسیٚ پەیدابیٚت بیٚ بە شانازی بۆ نەوەی سام و نەریمان ، رۆستەم لەو هەمو جوانیەی تەهمینە سەری سڕئەمیٚنی ودەسبەجیٚ دەنیٚریٚت بەشویٚن پادشای سەمەنگان داو بەئامادە بونی خوازبیٚنی کچەکەی لیٚ ئەکات ، پادشای سەمەنگانیش لەو پیٚش هاتە زۆرپیٚ خۆشحاڵ ئەبیٚ و هەرئەوشەو بەرەوشتی خۆیان تەهمینە لەرۆستەم مارە ئەکەنو دەگەن بەیەك رۆستەم لەو وەسڵەتە پیٚ خۆشحاڵ ئەبیٚو دەزانیٚ کە تەهمینە لەو نیبزیکایەتیەی باردار بووە ، بۆیە بازو بەندیٚکی پیٚ ئەداە ئەڵیٚت ئەگەر کچی بوو لە قژی ببەستیٚو ئەگەر کوڕیشی بوو لە باڵی ببەستە تانیشانەیەك بیٚت بۆ دوارۆژ ، رۆژی دوایی رەخش پەیدا ئەکەنو دەهیٚنن بۆ رۆستەم ئەویش بەدیتنی رەخش شاد ئەبی و دەس بەجیٚ لە هەمویان خواخافیزی ئەکاو بەرەو ئیٚران هەڵ ئەگەڕیٚتەوە .

بەڵام لەبەشی فارسەکەیدا ئەوکاتەی رۆستەم دیٚ بۆراو پاش خواردنی گۆڕیٚ خەوی لیٚ ئەکەویٚت دەستەیە لەسەوارانی تورك لەوشویٚنەی رەد ئەبن بەدیتنی رەخش دەیانەوەیٚت بۆ نەسڵی ئەوئەسپە بەهرەی لیٚ وەرگرن ئەیگرنو بەرەو شاری سەمەنگان ئەیبەن ئەویش بەو شیٚوەیە لەپیٚش دا باسمان کرد بەرەو شاری سەمەنگان دەکەویٚتە ریٚ ئەو دیزەی باسی زین بەکۆڵی رۆستەم لەفارسەکەیدا چۆنە لەکوردیەگەشدا هەر وایە بۆوینە .

فارسی :

**چنین است رسم سرای درشت گهی پشت زین و گهی زین بپشت**

کوردی :

**خەریك مەندەبێ نەوبیاوان چۆڵ          گاهی پشت زین گاهی زین وە كۆڵ**

كە دەكرێ بڵێن ئەو وەرگێڕانە دەقاو دەق وەك خۆی وەرگێڕاوەتەوە، ئیدی تا ئەو شوێنەی كە شەودادێو تەهمینە دەچێت بۆلای رۆستەم جیاوازیە ناكەوێتە بەرچاو ، لەبەشی فارسیەكەی تەهمینە لە ئەوكاتە لەگەڵ كارەكەرێكیدا كە شەمعێكی بەدەستەوە ئەبێت ئەچنە نێو هۆدەكەی رۆستەمەوە بەچونە ناوی هۆدەكەش رۆستەم خەوەری ئەبێتەوە،ئیدی لەوی بەولاوە هەروەك یەكە ، وێنەی شیعری هەردوو سەرچاوەكە .

فارسی :

**یکی بنـــده شمع معتبـر بدست          خــرامان بیامــد بەبالیـــن مست**

**پـس بنـــد ا نـدریکی مـاهــروی          چوخورشید تابان پراز رنگ وبوی**

**ازو رسـتم شیـردل خیـر بمـــاند          بـرو برجهـــان ا فــرین را بخوانـد**

كوردی :

**وەخـــتی نیمەشـــەو هــــۆرێزاوەپا          وێش تەبدیل بكەرد جەمین وێنەی ما**

**دووئـەبرۆی قـەتران قەڵـەم كەشـیدە          موژان چوون ئەڵماس سورمە چەریدە**

**وێنـەی دوڵبـەران ئامانشت جـەلاش          وەپەنجەی بێ گەرد ماڵادەست وپاش**

**بێـــداربی نەخـــاو بـــادە نۆشـیدە          دیش كە نیشتە بێ یەك رووپۆشیدە**

لیرە دا یە ئاشكرا شێوەی جیاوازی یەكەم دیداری رۆوستەم و تەهمینە دە كەوێتە بەرچاو لەبەر ئەوەی باسمان كرد ئیدی دووپاتی ناكەینەوە .

پاش رویشتنی رۆستەم دوای نۆ مانگەو نۆرۆژە تەهمینە كورێكی ئەبێ و ناوی دەنێ زۆراب ، هەواڵەكەش ئەگات بەرۆستەم وئەویش زۆرپێ خۆشحاڵ ئەبێوچەند دانە دورو گەوهەری گرانبها دەنێرێ بۆ تەهمینە.

زۆراب هەربەمنداڵی خاوەنی هەیكەلێكی گەورەو غەیرە عادی ئەبێ ، یەك ساڵانی دووساڵان و دووساڵانی پێنچ ساڵان ئەكەوێتە بەرچاو ، تا ئەگاتە نێزیكی دە ساڵان ، ئەم بەشەیچ تا ئەم شوێنە هەروەك یەكن بەڵام لێرەدا چۆنیەتی ئاگادار بونی زۆراب لە ئەسڵ و نەسەبی خۆی هەندێ جیاوازی هەیە بۆ وێنە لە بەشی كوردیەكەیدا زۆراب كاتێ ئەبینێ لە هاو تەمەن و ساڵە كانی خۆی زیاترەو هێزو توانایەكی وای هەیە لە كەسیترا ناكەوێتە بەرچاو جارێكیشیا لەگەڵ چەند كەسێ لە هاوەڵانی خۆی ئەیكەن بەشەڕو زۆراب سەرو دەستی هەمەویان دەشكێنێ و هەرلەوكاتەی یەكێ لەوانە پێی دەڵێت تۆ زۆڵێت و هیچ كەس نازانی دایكت تۆی لەكوێ هێناوە ، زۆراب لەو قسەیە زۆرنارەحەت ئەبێت و دەكەوێتە سەر ئەوبیرو رایە كە دەبی كوڕكێ و لە نەسڵی كێ بێت ، بۆیە دەچێتە لای دایكیو پرسیاری بابی لێ دەكات ، تەهمینەیش دەڵێت كوڕم باوكی تۆ یەكێ لە گەورەپیاوەكانی ئێران و ناوی رۆستەمەو لە نەسڵی سام و نەریمانە كە هیچ كەسێ لە مەدیداندا توانای بەرنگار لەگەڵ ئەودا نییە ، لەلایە تریشەوە یەكەمین دوژمنی رۆستەم ئەفراسیابە دەبێ زۆر وریابی ، بەڵام لە فارسیەكەی دا ئاوایە كاتێ زۆراب ئەوەی لە خویدا ئەبینێ كە وا لەباری هێزو تواناوە لەهاوساڵە كانی خۆی زیاترە بۆی ئەبێتە پرسیار دەبی كوڕی كێ و لەنەسڵی كێ بێت بەم شێوەیە دەچێتە لەی دایكیو پرسیاری ئەسڵ و نەسەبی خۆی لێ دەكات ، پاش ئەوە زۆرابیش ئەڵێت من ئەبێ سپای جەم كەم و بچم بۆئێران و كەیكاوس لەسەر تەختی شاهی لابەمو

رۆستەم بکەم بەپادشای ئێران و ئەوکاتە رووئەکەمە توران و ئەفراسیابیش لەناو دەبەم ، تەهمینە هەرچ ئاموژگاری دەکات بەگوێی ناکاو دەکەوێتە شوێنی ئەوشتەی کەوتوەتە سەری ، هەتا چۆنیەتی پەیدا کردنی ئەسپ بۆ زۆراب شتێکی هەروەك پەیدا کردنی رەخشە ئەبێت ، لەو کاتەی کە زۆراب خەریکی کۆکردنەوەو رێك و پێك کردنی سپایە ئەبێت هەواڵ ئەدەن بەئەفراسیاب کەوازۆراب کوڕی رۆستەم خەریکی جەمو جۆرکردنی سپایە بۆ سەرپادشای ئێران و کەس بەهاوتای خۆی نازانێت ، ئەفراسیاویش ئەمەبەهەل ئەزانێو بەهومان ئەڵێت ئەبێ تۆ بچی بۆلای زۆراب و خەڵات وبەراتێکی زۆری بۆ بەریوپێی بڵێی ئێمە هەرچی سپاو کەرەسەی شەڕە لە ئەختیارت ئەخەین ، ئەبێ وریاش بیت کە رۆستەم و زۆراب لە یەك ئاشکارنەبن بەڵکە بەم شێوە رۆستەم لە ناو بەرین و ئەوکاتە زۆرابیش لە ناو دەبەین و ئێرانو توران ئەکەین بەیەك ، کاتێ هومان دەچێتەلای زۆراب و ئەو پیشنیارەی ئەفراسیابی پێ رادەگەیەنێ لەوەی بیر ئەکاتەوە ئیستا لەو هەلە کەڵك وەرگرێو پاش ئەوەی کەیکاوسی لە ناو برد هەڵ ئەگەڕێتەوەو ئەفراسابیش لە ناو ئەبات.

بەم شێوەیە سپای ئەفراساب بەسەرکەردەی زۆراب بەرەو ئێران بەڕێ دەکەوێت ، تەهمینە بۆ دڵنیا بون لەوەی کەمەبادا رۆستەم زۆراب نەناسی و لەگەڵ یەکدا بە شەڕ بێن برایەکی خۆی بەناوی ژندە رەزم لە گەڵ زۆراب دا رەوانەی ئەکات ، هەروادەچن تادەگەنە نیزیکی سنوری ئێران و توران لەم شوێنەش دا روداوێك لە کوردەی کەدا هەیە لەفارسیەکەیدا نییە، ئەویش ئەوەیە هیشتا ناگەنەخاکی ئێران لە نیزیکی ئاوسەراوێکدا چەند رۆژێ رادەوەستن ئەوکاتە هەواڵ ئەدەن بە زۆراب کەوا کچە جوتیارێ لێرە دایە هەروەك مانگی چواردەیە ئەوەند لەلای زۆراب باسی جوانی دەکەن تائەوەی زۆراب دەچێتە سەرئەوکانیاوەی کە ئەوکچە هاتوو چۆی لەسەرئەکات ، کاتێ چاوی ئەکەوێت بەوکچە شەیدای ئەبێو دەنێرێت بۆلای باوکیو خوازبێنی لێ دەکات وێنەی شیعری.

| | |
|---|---|
| **یەکێ بی دوختـــەردهقـــانی سالار** | **مەنشوربی حوسنش نەروی رۆژگار** |
| **زۆراب چون شنەفت نام ئەودوختەر** | **عـــاشق بی وەنـــەش مـــەرد دلاوەر** |
| **دەردەم دەر ســـاعەت مـــەرد دلاوەر** | **کـەفت نەکارســـازی مـــەحبوبی دڵبـەر** |

کابرای جوتیاریش خۆناتوانی لەبەرابەری سەرداری سپای پادشای تورانەوە هیچێ بڵیو کچە مار ئەکەن بۆ زۆراب ، ئەویش هەروەك رۆستەم تەنها یەك شەولای دەبێو پاشان ئەنگوستیلەیەکی خۆی ئەدا بەو ژنەو ئەڵێت ئەگەر منداڵت بوو ئەوەی لە دەستا بێت بۆنیشان کرد رۆژی دوایی ئەوان بەرەو ئێران بەڕێ ئەکەون و ئەوژنەش پاش نۆمانگەو نۆرۆژ کوڕێکی ئەبێو ناوی دەنێ برزۆ ، کەلەچیرۆکی برزوو فەلاوەندا زیاتر لەسەری ئەدوێین ، باسی برزۆ لە شاهنامی فیردەوسی دا تەنها لەپاشاروکی داهاتوە، کەچی لێرەدا رەوشتی چاوپێ کەوتنی زۆراب لەسەرئەوکانیە ئاوەدا تایبەتمەندی فەرهەنگی کوردیە کەشاعیری کورد نەی توانیوە خۆی لەوە لابداو لێرە دا ئەوهەستی کوردەوارە بەجوانی رەنگی داوەتەوە .

زۆراب کە دەگاتەخاکی ئێران یەکەم شەڕی لەگەڵ هەجیری کوڕی گودەرز کە سنور داری ئێران ئەبێت روئەداو هەجیر بەدیل ئەگرێو پاش پیکاچون لەگەڵ چەند کەسێکیترا ئەوقەلایە دەگرێو بەرەو پایتەختی ئێران بەرێ دەکەون، کەهەر لەو ماوەیەدا هەواڵ دەنێرن بۆ کەیکاوس شاە کەوا سپای توران بەسپاسالاری زۆراب کە جوانێکی تازە پێگەیشتوە و زۆریش بەدەسەڵاتە قەڵای سەر سنوری ئێران و تورانیانی گرتوەو هەجیریشی باڵ بەس کراوە ، کەیکاوسیش دەس بەجی گیو رەوانەی زابل ئەکا کە رۆستەم هەرچی زوتر خۆی بەسپای ئێران بگەیەنێت ، رۆستەمیش چەند رۆژێ گیو ماتڵ ئەکا هەتا خۆی بەڕێ دەخات و بەرو مەیدانی شەڕ دەرۆن ، بەو شێوەیە رۆستەم و زۆراب لەبەرابەری یەکەوە رادەوەستن ، واش

دێتە پێشێ كە ئەو باوكو فەرزەندە لەیەك ئاشكار نابن ، رۆستەم كە دەگاتە ئۆردوگا شەوێ بە تاریكی رووئەكاتە ئۆردوگای سپای توران ، تابزانێ ئەو زۆرابە ئەوەند تاریفی دەكەن چۆن كەسێكە ، كاتێ ئەچێتە نیو ئۆردوگای تورانەوەو ماوەیە سەیری زۆراب ئەكاو لەو هەیكەلـو شانو باهوەی زۆراب سەری سڕدائەمێنێت كاتێ دەیەوێ هەڵ گەڕێتەوە ژندە روزم دێتەدەرێو كەچاوی دەكەوێت بەرۆستەم دەیەوێ هاواری لە زۆراب بكاو رۆستەمی پێ بناسێنێت رۆستەم ماوەی پێ ناداو یەك مشت ئەدابەسەریاو میشكو ئیسقانی تێ ئەشكێنێت و بەرەو ئوردوگای ئێران هەڵ ئەگەڕێتەوە ، لێرەدا یەكی لەوكەسانەی كەدەبوایا رۆستەمی بەزۆراب بناساندایا لەناو دەچێت ، یەكیتر لەوانەی كە زۆراب پەنای پێ دەبا بۆناساندنی رۆستەم هەجیر ئەبێت ، ئەویش لەبەر ئەوەی نەوای زۆراب زاڵ بێت بە سەررۆستەما لەناساندنی دا بەزۆراب درۆی لەگەڵ ئەكاو دەڵێت ئەگەر رۆستەم لێرە بایا بەماوەیەكی كەم تەواوی سپای تورانی راپێچ ئەكرد ، بەم شێوە ئەویش روستەمی پێ ناناسێ نیت ، خود رۆستەمیش هەرئەو بیرە ئەكاتەوە كە هەجیر كردویە و لەناساندنی خۆی بە زۆراب تەفرە ئەڕواو دەڵێ من یەكی لە بەردەستای رۆستەمم .

ئەودوو پاڵوانە چەند جاری لەبەرابەری یەكەوە رادەوەستن هەتا جارێكیان زۆراب رۆستەم ئەدا بەئەرزاو لەوكاتەی كەدەیەوێت بیكوژێت رۆستەم دەڵێت رەوشتی مەیدان داری وەهایە بۆ یەكەم جار ئەبێ لایەنی ژێر دەست نەكوژێت ، بەوشێوەیە زۆراب لەسەرسینگی رۆستەم هەڵ دەسێتەوەو نایكوژێت كە هومان لەو هەرمانەی زۆراب زۆر نارەحەت ئەبێو لەوەی ئەترسێ لەیەك ئاشكرابن، هەتا ئەوەی رۆژی دوایی رۆستەم بەلاڵەو پاڕانەوە لە یەزدانی مەزن دەچێتە مەیدانە بەهەر شێوەیە ئەبێ زۆراب ئەدا بە ئەرزاو زۆراب هەرچی هاوار ئەكا ماوەی پێ ناداوخەنجەر هەڵ ئەكێشێ و لەسەرسینگی ئەدا ، لەوكاتە زۆراب ئەڵێت ئەی پیرەمەردی فیڵ باز دوێنێ خۆت بەفیلێ و تەڵەكە لەدەستی من دەركرد كەچی ئەمڕۆ هەتا ماوەت بەمن نەدا هیچێ بڵێم بائەوت پێ بڵێم ئەگەر بیت بەهەسارەو بچیتە ئاسمان یان ئەگەربیت بەماهی وبچیتە دەریا لەدەستی باوكم گیان بە دەرناكەی ، رۆستەم دەڵێت مەگەر باوكی تۆ كییە كە وا لە سەری ئەدوێی ، وێنەی شیعری.

| | |
|---|---|
| بـابۆم روسـتـەمەن شـای كـەمـەر لالان | شێران جە تاوشت گـــورزش مـەنالان |
| فیلەتـــەن ژنــەفت شـادی كـەردبـەتالْ | سەرسام بی جەسام نەوەی توخمی زاڵ |
| واتش نیشانەت جەرۆستەم چێشەن | پەنەم واچــە راسـت دڵ وەئەندێشـەن |
| واتـش لاڵێـــوەن باهـــو بـەن نـەباڵ | نیشـانەی رۆسـتەم نـەوەی تـوخم زاڵ |

رۆستەم كە ئەوەی دەبیسێو تەواشای باهوبەندەكەی دەكا یەخەی خۆی دائەدڕێو هاوارو زاری هەڵ ئەدا، لەولایشەوە سپای ئێران وادەزانن كەرۆستەم كوژراوە بەفەرمانی كەیكاوس تەواوی سپا ئامادە ئەكات هەتا هێرش بەرنە سەرسپای تورانوماوەیان پێ نەدەن ، لێرە لەبەشی فارسیەكەیدا یەكەم كەس دەگاتە لای رۆستەم زەوارەی برای دەبێ كەلەو پێشهاتە ئەویش بەتەواوی خۆی لەدەس ئەدا كەچی لە كوردەیكەیداگیوو گودەرز و بەهرام ئەبن، لەوكاتەدا رۆستەم گودەرز دەنێرێ بۆلای كەیكاوس كەنوشداروی بۆرەوانە كات بەڵكو زۆراب نەمرێ ، كاتی گودەرز هەڵ ئەگەڕێتەوەو دەڵێت كەیكاوس نوشدارو پێ نەداوە ، رۆستەم ئیدی هیچ ناڵێت و فەرمان ئەدا زۆراب هەڵگرنو ببەن بۆ ناو خیمەكەی خۆی ، كەسپای ئێران بەتایبەت هێزی زابلستان بەوەی دەزانن كەزۆراب كوڕی رۆستەمە بەیەكەجاری دەنگی شیوەنو گریانیان دەچێتە ئاسمان ، رۆستەم بەدەم هاوارو گریان خاكی ئەكرد بەسەر خۆیا و دەیگوت بەدەستی خۆم چیم كرد بەخۆم زۆراب كەئەوی دەبینێ روئەكاتە رۆستەم و دەڵێت ئەی نەوەی توخمی زاڵ گریانو هاوار فایدەی نیە ئەوا چەرگی منت

پارە کرد ئەمانت فەرزە لەدوای من مەیەڵە کەیکاوس بەشەڕ بێت لەگەڵ ئەو سپایەدا ئەوان هیچ تاوانیکیان نیە لە گەڵ من دا هاتوەن بۆ شەڕ، ئەسپابو کەرەسەی چەنگیشم بنێرەوە بۆ دایکی بەسەزمانم لەم کاتی سەرەمەرگەدا حەز ناکەم کەسی بەناڕەحەت ببینم ، پاش هەندی وتو وێژی دیکە لەهەمویان ماڵ ئاوایی ئەکاو گیانی دەر ئەچێ ، پاشان تەرمەکەی هەڵ ئەگرنو بەرەو زابل بەرێ ئەکەون ، کە زاڵ چاوی ئەکەوی بەزۆراب وچۆنیەتی بەشەڕ هاتنی دەبیسێ رۆئەکاتە رۆستەمە دەڵێت تۆ تەنها لەشەڕدا پاڵوانی ئەگەر هەرکەسی تربایا لەباتی تۆدا بەیەکەم تەواشای زۆراب دەناسی و دەیزانی کەئەمە لە توخمی سامو نەریمانە ، ئیدی هەتا بەخاك سپاردنو شیوەن و گریانی زاڵ ، جیاوازیە بەو شێوە یە لە نێوان فارسی و کوردیە کەیدا نیە ، کەچی باش ئەوەی هەواڵی کوشتنی زۆراب ئەبەن بۆ تەهمینەی دایکی لە کوردیە کەیدا بەشێکی پێ زیاد کراوە کەلە فارسەکەیدا نیە ، ئەویش ئەوەیە تەهمینە پاش چەند رۆژی گریانو زاریو پیاهەڵدان بەباڵای زۆراب دا دێتە سەری ئەورایە ئەبێ خۆی سپایە ببا بۆ زابل زەمین و بە دەستی خۆی سینگی رۆستەم شەق کا ، وێنەی :

**چل رۆژ جامـەی بـەرگ ئازیـەتی پۆشا      شـەونەجای تـەعام زووخـاو مەنۆشـا**

**ئاخر سەرئەنجام کەمەربەست بـەقار      قەسـەم وەرد بـەزات یـەکتای کردگـار**

**سوب چون عەیاران مەپۆشو جەمین      لەشــکەر مەکێشــو وە ئێــران زەمــین**

**جەتەنخوای قەساس خون فەرزەندم      ئـەر رۆسـتـەم جـە دەور بەیۆنەوەنـدم**

**شـەرت بـۆ مـن وەتێـغ بشـکاوم چـەرگش      رەنگین کەم وەخوون سەرتا پـای بـەرگش**

تەهمینە پاش ئەوەی سپایە جەمو جۆر ئەکاو ئەکەوێت رێگا بەرەو زابل ، کاتێ ئەوهەواڵە ئەگاتە زابل کەوا تەهمینە دایکی زۆراب لە گەڵ سپایەکی بێشماردا روی کردوەتەزابل و سوێنی خواردوە لە قەساسی خوێنی زۆراب رۆستەم ئەکوژێت ، زاڵ و رۆستەن ئەچن بە پێش وازیەوەکە نزیك ئەبنەوە یەخەی خۆیان دا ئەدڕنو دەس ئەکەن بەگریانو شیوەن ، ئەوکاتە تەهمینە کە دەیان بینێ بەقارو توڕەییەوە تاو ئەدا بۆ رۆستەم و شمشێری لە رو دەکێشێ و دەڵێت هەرئێستا سەرت لەلاشەت جیا ئەکەمەوە، لەوکاتەدا رۆستەم سەری بۆدائەخات زاڵ کە ئەوەی دەبینێ پەلام ئەداو دەستی تەهمینە ئەگرێت و دەڵێ ئەوا رۆستەمیشت کوشت ئایا زۆراب زیندە ئەبێتەوە ، رۆستەمیش بەدەم گریانەوە هاوار ئەکا لە زاڵ و دەڵێت تووخوابێڵە بابم کوژێو لەم باری مەینەتە رزگارم بێت ، زاڵ ئارامیان ئەکاتەوەو پاش وتو وێژێکی زۆر تەهمینە قەناعەت پی ئەکا کەئەوە تەقدیری ئیلاهی بووەو تەقدیرش رەدی نییە، لە دوای ئەوە دەچنەوە بۆ ماڵی زاڵ و سپاکەی هەڵ ئەگێڕنەوەبۆ ولاتی خۆیان ، ماوەیە پاش ئەم رووداوە ئیرادەی خودا وەها ئەبیت کە تەهمینە دووباری باردار ئەبێتو لەدوای نۆمانگو نۆ رۆژ کوڕێکی کەی ئەبێتە ناوی ئەنێن فەرامەرز ، وێنەی شیعری کوردی .

**نۆماهــو نـۆرۆژ چــونکە بـی تـەمام      رۆشـن بـی چـراغ نـەوەی زاڵ و سـام**

**نـامش فــەرامەرز چــەنگی نیاشـان      وە نـازو ئیعـزاز جـەم بـی جـە لاشـان**

**رۆستەم چەنی زاڵ تەهمینەی بێ گەرد      کـەردن شـوکرانەی تـاك تـەنیای فـەرد**

چەند دێڕی کۆتاییشی بە دۆعای خێر بۆ فیردەوسی توسی و سولتان مەحمودی غەزنەوی دوایی دیە کەئەم بابەتەم لە هیچکامی تر لە چیرۆکەکانی کوردی دا نەم دیوە ، بۆوێنە.

**عەفوکەر گونای مەجلیس وئەحباب      کاتــب وقـــاری (ســـامع الکتـــاب)**

**فیــردەوسی توسـی دانـای پڕ فهام      بــاعیس ئیجـاد شـاهنامەی تــەمام**

**هەم سولتان مەحمود غەزنەوی مقام          عـەفوی رەحمـەت بـان جەیـەوم القیـام**

بەم شێوە ئەم چیرۆكەش كۆتایی پێ دێت هەروا كەوتمان بەداخەوە ناوی شاعیركەیمان بۆرون نەبویەوە هەتا ناوی نوسەرەی ئەسەرەكەش نەنوسرابو تەنها لە كۆتاییدا نوسرابوو (تمت ١٢٢٩)

## چیرۆكی سیاوەش

ئەم چیرۆكەش یەكێتر لە بەسەرهاتە دڵتەزێنەكانی شاهنامەیە هەتا ئەتوانین بڵێین لە رووداوی كوشتنی زۆراب زیاتر هەستی مرۆڤایەتی دائەچڵە گێنێ ، ئەساسی ساختاری چیرۆكەكە هەروەك فارسیەكەیە ئەتوانین بڵێین وەرگێڕێكی ئازادەولە زۆربابەتەوە دەقاو دەق هەروەك خۆی وەر گێڕاوەتەوە سەركوردی ، لە هەندێ شوێندا لەفارسیەكەی كەمترەو لە بڕێ شوێنی تردا لەفارسیەكەی زیاترە و لەكاتی خۆیدا باسی دەكەین .

ئەم چیرۆكە بەشێوەی دەست نوسێ لەلای برای بەڕێز كاك موحەممەد سەعیدی رەزایی دەستم كەوت ئەگەرچی ئەمیش چەند پەڕەیەكی نەمابوو ، بەتێكڕا نێزیك بە ( ١٩٠٠)دێڕ بوو لەسەر قاڵبی مەسنەوی یان باشتربڵێم شیعری دە بڕگەیی تایبەتی هەورامی دانراوە شیعرە كانیشی جیا لە هەندێ ناتەواوی قافیەو پەیرەوی نەكردن لە رەدیف و وشەی رەوان ئەتوانین بڵێین تارادەیە توانیویەتی زاڵ بێت بەسەر روداوەكەدا ، وادەزانم بابەتی رەدیف و قافیەكەیشی هەروەك لەوانی كەدا باسمان كرد هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ سەر نۆسەرەكانی ئەو دەست نوسانە ، كە بە داخەوە نوسخەی ئەساسیمان دەست نەكەوت تابەراوەرد ئەم بۆ چونەی لەسەر بكەین ، بۆوێنە

**یـاوان وە قـەلای دەریـا كـەنارێ          سوژدەی شاكەردن شیر ژیـانیٰ**

لێرەدا ( كەناریٰ = ژیانیٰ ) كراون بە قافیە كەچی لە باری فەنیەوە ناتەواوەو رەدیف وقافیەی رەعایەت نەكراوە لە لایە تریشەوە نەناوی نوسەری دەست نوسەكەی لەسەرنوسراوە، نەناوی شاعیر ئەم چیرۆكە تەنها لە ناوەراستدا ناوی (حسین) نوسراوە بە برۆای من یەكی لە نوسەرانی دەست نوسەكان بێت نەشاعیری ئەم بەسەرهاتە لەبەر ئەوەی ئەوچەند دێڕە لەوێدا نوسراوە لەباری ماناو مەفهومەوە لەوانی كە جیاوازەو دیارە ناوئاخن كراوە ، بۆ وێنە:

**ســـەڵوات بدەرین وەدڵــدڵســـوار          وە بەنـــدی زەنجیـــر نــەوین گــرفتار**

**جە بەعدی سەڵوات حسین یاد كەرین          نەومەجلیس جەمع رۆحش شاد كەرین**

**ئەمجــار ئومێــدم وەشــای خۆراسـان          بــاز هـــەم بـــواچم جـەنـــۆ داستـــان**

پاش ئەمەی دەچێتە سەر ئەودێرەی كەباسی سامی سانی كوری فەرامەرز ئەكاو دەڵێت .

**دیــا وەراگـــەی سپـــا دیـــارەن          خەیمـەو خیابـان بـیٰ حـەد شمـارەن**

هەتا نەلێكۆڵەر هیچ خوێنەرێكیش ناتوانێ ئەو شیعرانە بەهی ئەوكەسەی بزانێت كە پێك هێنەر یان باشتربڵێم وەرگێری ئەم بەسەر هاتەبووە .

كەسایەتیانێ لەم چیرۆكەدا ناویان دەكەوێتەبەرچاویان ئەسڵەن لە بەشی فارسیەكەیدا نین وەیان بە پێچەوانەی دارشتەی فیردەوسی سەریان هەڵ داوە ، بۆ وێنە باسی برزو لێرە دا هاتوەتە ئاراوە كە لەگەڵ فارسەكەیدا نادا لەیەك ، بەسەرهاتی

برزو بە شەڕ هاتنی لەگەڵ ڕۆستەما لە شاهنامەی فیردەوسی دا ئەویش لە پاشاڕۆك ، ماوەیە دوای بەسەرهاتی سیاوەش و شەڕو پێکا چونەکانی ئێران و توران لەوبابەتەی دێتە ئاراوە ، کەچی لێرە دا پێش بەسەرهاتی سیاوەش هاتوەتە نێو ئەم بەسەرهاتەوە ، وە ناوی کەسایەتیانی وەك جەهانگیرو جەهان بەخش وسام و سالك و شێر دم و شێر گیرو تەخارە و سورخابشاو زەرعەلی و وە...، کە هیچکام لە وانە لە شاهنامەی فیردەوسی دا یان ئەسڵەن ناویان نیە وەیان لە شوێنێ ترداو بە شێوەیە تر ناویان لێ براوە ، کە زۆربەی ئەوانە تایبەتمەندی شاهنامەی کوردین .

ئەم چیرۆکە هەروا لە فارسیەکەیش دا دەر ئەکەوێ لەو شوێنەی دەس پێ ئەکات کە گیو و توس ڕۆژێك هەوای راویان ئەکەوێتە سەرو روو ئەکەنە بێشەو دارستانێ کە نێزیك بە سنوری ئێران و توران ئەبێت ، رۆژێ لە کاتی راودا ئاهویە دەبینن ئەڵبەتە لە فارسەکەدا ئەم ئاهوە ناکەویتە بەرچاو ، لە شوین ئەو ئاهوە دەڕۆن لە پرگیو چاوی دەکەوێت بەکچێ لەوماواچۆڵو بیاوانەدا یەکەم جار وادەزانێت کەجادوگەرە شمشێری لێ رائەکێشێو دەیەوێت بیکوژێت کچە هاوری لێدەکاو گیویش دەستی سارد ئەبێتەوە هەرلەوکاتەدا توسیش دەگاتەئەوشوێنەوئەویش هەروەك گیو وادەزانی کەجادوگەرە هەڵمەت ئەداکە بیکوژێت، گیو هاواری لێدەکات دەس راگرێ کاتی ئەزانن کەئەوەکچەو جادوگەر نیە گیو دەڵێت ئەمە شکاری ئەمڕۆی منە ، توس دەڵێت راستە شکاری تۆیە بەڵام ئەمە شایستەی منە چوون من لە نەتەوەی پادشاکانم ، گیو ئەوواتەیەپێ ناخۆش ئەبێ ودەڵێت من خۆم بە هەزار پادشازادەی وەك تۆ ناگۆڕمەوە ، پێکاچونیان ئەگاتە ئەوشوێنەی خەریك ئەبن لەیەك بدەن کچەرویان تێ دەکاو دەڵێت مەگەر ئێوە پادشاتان نیە من بەرنەلای و هەر ریگایەکی بۆدانان پەیرەوەی لێ بکەن ، ئەوانیش راکەی پەسەن ئەکەن و هەڵ ئەگەڕێنەوەو یك راست دەچنە لای کەیکاوس شا ئەویش کاتی ئەوبەسەرهاتە دەبیسێ لەوەی بیرئەکاتەوە ئەگەر بیدابەگیو توسی لێدەرەنجێ ئەگەریشی بیدا بەتوس ئەواگیو کە یەکی لەباشترین پاڵەوانانی دەبی نارەحەت ئەکات ، لە لایە تریشەوەخۆیشی دڵی ئەچێ لەوکچەو دەڵێت باشە ناکرێت لەنێوان هەردوتانا ئەمە پێش کەش کەن بەپادشای خۆتان ، ئەوانیش ناتوانن هیچێ بڵێن و رەزامەندی خۆیان لەو بابەتەی دەر ئەبڕن ، کەیکاوسیش کچە رەوانەی حەرەم سەرای خۆی ئەکاوپاش ماوەیە سکی پڕ ئەبێو ئەبێ بە خاوەنی کوڕێك ، کەیکاوس لەبەر ئەوەی خوا کوڕێکی پێ داوە دەنێرێ بەشوێن زاڵ و ڕۆستەم و تەواوی پیاو ماقوڵان جەم ئەکات هەتا بەو بۆنەیەوە جەژنێك بگرێ ، وێنەی شیعری لە کوردیەکەی:

| | |
|---|---|
| نویســـا ڕۆسـتەم شێـــر دلاوەر | کـوشــەندەی دێـوان یـاران کـافر |
| هیـــچ بەهـــانە نـــاوەری وەکـار | چـــەنـی وێـت بـاوەر زاڵ ڕۆزگـار |
| چـــەنی فەرزەنـدان بـرزوی دلاوەر | جەهان بەخش شێر سام کینە وەر |
| فەرزەنـدێ وەنـو خـوا دادەن پـیم | بزانـون چـۆنەن کـان کـۆی کـەریم |

کاتێ ئەوانە هەمویان کۆئەبنەوە بە ئەستێرە ناسەکان دەڵێت بزانن چارە نوسی ئەم کوڕە چون ئەبێت ، ئەوانیش کاتێ سەیر ئەکەن هەموی بەدبەختیو نامۆیی تێدا یە هەرچی ئەکەن ناوێرن ئەوەی بەپادشا بڵێن تا ئەوەی کەیکاوس لێیان توڕە ئەبی ، ئەوانیش جریان چارە نوسی ئەوکوڕەی بەیان ئەکەن ، کەیکاوس بەوی دەزانێت دەس بەجی فەرمان ئەدا ئەوکوڕی بکوژن چاکترە تائەو هەمو بەدبەختیانەی بەسەردا بێت ، زاڵ روی تێ ئەکاو دەڵێت ئەی سەروەری هەموان لە هیچ زەمانەودەورانێکا کەس ئەوهەرمانەی بەم شێوەیە نەکردوە هەتا تۆش وابکەی ئەوە روداوێکی نالە بارەو تکات لێ دەکەم لەو فەرمانەی خۆت دەس هەڵ گرە، کەیکاوس بە توڕەیەوە دەڵێت پێوست بەو ڕێنوینیەی تۆناکا من هەرئەبێ

ئەو منداڵە لەناو بەرم دووبارە رو ئەكاتە جەلادە فەرمانی كوشتنی كوڕەكەی دووپات ئەكاتەوە، لە وكاتەدا رۆستەم ئیدە خۆی پێ ناگیرێو دەڵێت من ئیستاش تۆبەقاتڵی زۆراب دەزانم كاتێ وای لێ هات من ئەم كوڕە لە باتی زۆراب دا ئەبەم بۆ خۆم ، كەیكاوس لە بەرابەری رۆستەمەوە ناتوانی هیچێ بڵێ و تەنها ئەوەندە نەبێ ئەڵێ بەمەرجی ئیدە تۆ لەمن زیزو نارەحەت نەبی ، ئەویش قبوڵ ئەكاو هەرلەویدا ناوی دەنێت سیاوەش و بەرەو زابل ئەگەڕێنەوە .

هەروا باسمان كردلیرەداجیا لەو كەسایەتیانەی هاتونەتە نێو ئەم بەسەر هاتەوە كەلە شاهنامەی فارسی دا نین باسی برزووە كە لە پاشارۆكی شاهنامی فیردەوسی دا هاتوەو ئەویش پاش روداوی سیاوەش و ئەوشەڕو پێكاچونانەی نێوان ئێران و توران كەچی لێرا دا باسی كراوە وەك پاڵوانێكی كۆشكی شاهی ناوی لێ براوە ، لەلایە تریشەوە بە بردنی سیاوەش دایكی لە بەر دوورخستنەوەی كوڕەكەی نەخۆش ئەكەوێو پاش ماوەیە دەمرێ كە ئەمەش لە شاهنامەی فیردەوسی دا وانیە  و بە شێوەیەترە .

بەو شیوەیە سیاوەش لە كەناری رۆستەما گەورە دەبێ وكەسایەتێكی وای لێ دەرئەچێت كە جێگا ئاواتی هەموان دەبی و ئاكارو رەوشتی ئۆچاغزادەی پێوە دیار ئەبێت ، رۆژێكیا رۆستەم روی تێ ئەكاو دەڵێت تۆ شازادەیو ئەبێ بچیتەوە بۆ لای باوكت و وردە وردە دەسەڵاتی شاهی بەدەس بگری ، سیاوەش دەڵێت باوكی من تۆی مەگە رتۆ منت لەباتی زۆراب قبوڵ نەكردوە ئیدی بۆ لە خۆت دورم ئەخەیتەوە ، رۆستەم كە ناوی زۆراب دەبیسێ دەس ئەكا بەگریانو پاشان دەڵێت من وەك كەسایەتێ كە پارێزەری تاج و تەختی كەیانم هەردەم لە پاڵی تۆدام بەڵام شازادەئەبێ هەرمانی خۆی بكاو بەردەستانیش فەرمان بەرداری ئەوبن ، بە هەرشێوەیە سیاوەش قەناعەت پێ ئەكات كەبچێتەوە بۆلای باوكی ئەوكاتە هێزێكی گەورە بەرێ دەخاتوخۆیومنداڵەكانی  سیاوەش دەبەنەوە بۆ پایتەخت، كەیكاوس كە ئاگاداری ئەوی دەبێت بە خۆشحاڵیەوە دەچن بو پێشوازی و بە باشترین شێوەسپاسوپێ زانینی خۆی ئاراستەی رۆستەم ئەكات و سیاوەش لەباوەش ئەگرێو لەوشانو هەیكەل و جوانیە سەری سڕدائەمێنێ و دەڵێ بەڕاستی شایستە پادشای ئێرانیت ، پاش جەژنو شادی رۆستەم رۆئەكاتە كەیكاوس و دەڵێت ئێمە هەرچی بین لە خزمەتی تاج و تەختی كیانی داین تەنها داواكاریم ئەوەیە بە باشترین شێوە لەگەڵ سیاوەش دا بجوڵێتەوە بەیەزدانی پاكیش سوێند ئەگەر سیاوەش بچوكترین كێشەی بۆ دروست بێ لەلایەن تۆوە تەخت و بەختت تێك ئەدەم ، ئەوەی دەڵێت و بەرەو زابل هەڵ ئەگەڕێنەوە .

ماوەیە لەوەی تێ دەپەڕێ سودابە كە هاوسەری كەیكاوس ئەبێ كاتی سیاوەش دەبینێت عاشقی ئەبێ و بەهەرشێوەیە رادەكێشێ بۆحەرم سەرا و پێ دەڵێت ئەگە ئەوەی من دەمەوێت بە جێی بێنی كەیكاوس لەناو ئەبەم وتۆئەبی بەپادشای ئێران ، سیاوەش كە تێ دەگا سودابە چی لێ دەوێ بە هیچ شێوەیە بەوەی رازی نابێ ، سودابە كەئەوەی لەسیاوەش دەبینێ ئەكەوێتە پیلان گێڕان بۆیو لای كەیكاوەسەوە دەڵێت كە سیاوەش دەست بۆ درێژ كردوەو هەتا گەیاندویەتە ئەوەی كە لێ داوە ، كەیكاوس ئەوەی دەبیسێ ئیدی هۆش و بیری لە دەس ئەداو فەرمانی كوشتنی سیاوەش دەرئەكات ، كاتی سیاوەش بەوەی دەزانێ یەك راست ئەچێتە تالاری شاهیو رو ئەكاتە كەیكاوس و دەڵێت ئیستا كە بێ گونا وا فەرمانی كوشتنی من ئەدەی  وەرە ئاگرێكی گەورە بكەرەوەو هەردوی  ئێمە لەو ئاگرە بخە هەركاممان كەسوتین دیارە ئەوەمان تاوان بارە ، كەیكاوس ئەورایە پەسند ئەكاو فەرمانی جەم كردنی كەرەسەی ئەوئاگرە ئەدا  ، كاتێ سودابە بەوەی دەزانێت دەچێتە لای كەیكاوس و دەڵێت من بۆ؟ تاوانبار ئەوە بچێتە نێو ئاگرەكەوە ئەوكاتە دیاری ئەدا كە تاوان بارە یان نا ، بەهەر شێوە یە دەبێ ئەوەی بەكەیكاوس دەسەلـمێنێ كە تەنها سیاوەش لەو ئاگربخات، سیاوەش بەبێ

@kurdica

ترس دەچێتە نێو ئاگرەکەوە ، لێرە دا جیاوازیە تر دەکەوێتە بەرچاو لە شاهنامی فیردەوسی دا سیاوەش ئەدا بەناو ئاگرەکەو لەو سەری دێتە دەرێ ، کەچی لەشاهنامەی کوردیدا سیاوەش بە زەنجیر لەناوە راستی ئاگرەکەدا ئەبەسنەوەو هەتا کە تەواو نابی ماف دەرچونە نییە ، پاش ئەوەی ئاگرە کە ئەگوژیەتەوە سەیر ئەکەن سیاوەش هەتا تاڵە مویەکیشی نەسوتاوە ، ئیدی کەیکاوس بۆی رون ئەبێتەوە کە سودابە درۆزنەو فەرمان ئەدا کە بیکوژن بەشێوەیەك کە شایستەی ئەوە ، لەو کاتەدا سیاوەش رووئەکاتە کەیکاوس وداوای لێ ئەکا لە گونای سەدابە خۆش بێ کەیکاوسیش کەئەورەوشتەی لە سیاوەش دەبینێ داواکاریەکەی قبوڵ ئەکات .

لە وماوەیەدا ئەفراسیاب سپایە رەوانی شەڕلەگەڵ ئێران ئەکات، کەچی لێرەش جیاوازیە دەکەوێتە بەرچاو لە شاهنامەی فیردەوسی دا ئەفراساب خۆی دێت بۆ شەڕ بەڵام لە کوردیەکەی ئەوسپایە بەسەرپەرەشتی گوڵبادو گەهیاد رەوانە ئەکات وێنەی شیعری کوردی .

**دیشان چەند نەفەر پەیدا بین جەکار　　　وە دادو بێداد بەرئامان جەشار**

**گوڵبادو گەهیاد ئاوەردن سپا　　　خاپور بکەران ئێرانی ماوا**

لەو کاتەدا کەیکاوس رووئەکاتە دەنیشتوانی مەجلیسو دەڵێت کەسێم دەوێت سپای توران تێ شکێنێ و ئەو سەردارانە بەدیل بگرێو بیان هێنێتە ئێرەوە، هیچکام لە دانشیتوانی مەجلیس جوابی کەیکاوس نادەنەوە، لەوکاتە دا سیاوەش هەڵ ئەسێتەوەو رووئەکاتە کەیکاوس شاو ئەڵێت ئەگەر لێم قبوڵ بکەی من دەچم بۆ مەیدانی شەڕ و بەڵێنیشت پێ ئەدەم کە ئەوسپایە تارو مار بکەم .

**سیاوەش دەردەم هوریزا وەپا　　　سوجدەی ئەدەب بەرد بەروی پادشا**

**واتش پادشا دڵ ماوەر وەتەنگ　　　حاڵا من موچوم پەی مەساف جەنگ**

لە فارسیەکەش دا کەیکاوس خۆی دەیەوێت بڕوا بۆ شەڕ لە گەڵ ئەفراساب ، لەوکاتەی سیاوەش روئەکاتە باوکی و دەڵێت وێنەی شیعری فارسی.

**سیاوەخش ازان دل پر اندیشە کرد　　　روان را زاندیشە چون بیشە کرد**

**بدل گفت من سازم این رزمگاە　　　بچربی بگویم بخواهم زشاە**

**مگر کم رهائی دهد دادگر　　　زسودابە و گفت وگوی پدر**

لێرەش دا دیارکەهێشتا لەدەستی سودابەوباوکی نارە حەتەو دەیەوێت بەجۆرێ خۆی پیشان داهەتا هەموان بزانن کە سیاوەش پیاوی دەسەڵاتە نەهەرزەو لائوبال .

بە هەرشێوەیە ئەبێت سیاوەش بەرەو مەیدانی شەڕ بە رێ ئەکەوێت لەو شەڕش دا سەرکەوتن بەدەس دێنێو گوڵبادو گەهیادیش لە گەڵ دەهەزار کەس دا بە دیل ئەگرێت ، کاتی ئەو هەواڵ دەنێری بۆ باوکی بۆی دەر ئەکەوێت کەیکاوس دەیەوەی کەهەموی ئەودیلانە بکوژێت سیاوەش کەخۆشی لە جەنگو کوشتن نایەت ، هەمویان ئازاد و رەوانەی تورانیان ئەکاتەوە، کەیکاوس لەوەی ئاگادارئەبێ تورەیی خۆی لە نامەیەکا بو سیاوەش دەنێرێو دەڵێت بو هەرکوێ دەچیت ئیدی من بەچاوی خۆم نەت بینم ، سیاوەش کە ئەونامیەی پێ دەگا بەرو توران ئەکەوێتە رێگاو نامە دەنێرێ بۆ ئەفراساب کەوا من لە باوکم تۆراوم و بولای تۆ پەنام هێناوە ، ئەفراساویش پیشوازی باشی لێ دەکاودەیبەن بۆتوران وێنەی شیعری .

شـــــای ئەفراسـیاب وەلەفـزشیــــرین          دڵنەوازی کەرد شــازادەی ڕەنگین
واتش وەش ئامـــای وە بانـــی دیـدە          قەدەم ڕەنجە کـەر ئـەی بەرگوزیـدە
پێش کەش بەتۆبۆ تـاج و تـەخت ویـم          نسارت کەردم موڵك هـەفت ئـەقلیم

شای ئەفراساب بەڕاوێژی پیرانی وەیسە کچی خۆی ئەدا بەسیاوەش و لە بەشێکی وڵاتی خۆ لە ناوچەی هیندوستان قەڵاو بارەگایە دروست ئەکا بۆ سیاوەش و بە خۆشی ماوەیە ڕادەبوێرێ ، تا ئەوەی گەرشیوس لەوهەمو پلەوپایە کەدراوە بە سیاوەش نارەحەت ئەبێو ئەکەوێتە پیلان گێڕان بۆ خراپ کردنی سیاوەش لای ئەفراسیاب ، تائەوەی ئەگا بەوشوێنەی کە ئەفراساب فەرمانی کوشتی سیاوەش ئەداو لەنێو تەشتێکا سەری ئەبڕن ، هەر ئەورۆژەی کە سەری بڕن بەیانی لە خەو هەڵ ئەسێت ڕو ئەکاتە فەرەنگیسی هاوسەری و دەڵێت ئەمڕۆ باوکت من ئەکوژێت تۆ لە پشتی من کوڕێکت ئەبێ ناوی بنێ کەیخەسرەوکەسێ لە ئێرانەوە دێت بەناوی گیو کەئەمە ناونیشانیە ئەوکوڕەی پێ بدە بیباتەوەبۆ ئێران ، فەرنگیس لەوکاتەدا باوەڕ بەو واتەی ناکات تائەوەی هەواڵی بۆدێنن کەوا ئەفراسیاب سیاوەشی کوشت ، وێنەی شیعری کوردی .

هــەی جـەلادش کەردشـای حوشمـەت پـەنا          بـدەن بـە گـەردەن نەسـڵ کـاوس شـاە
جـــــەلادان جـــــەلد ئـــاوەردن خـــرۆش          سـوجدەی شـاکەردش پـیران پڕهـۆش
خـــــون سیـــــاوەش بڕێـــزۆ وەخـــــاك          عـــەرزو ئاسمـــان مەجۆشـــۆ ســەرپاك
ئەگەرگـــــەرەکتەن عالـــــەم بـــۆ خـــــەلاس          ســـەری شـازادە بـوڕان نـەتۆی تـاس
جـــــوداکەردن ســـــەری شـــــازادە وەقـــین          قـەترەی خـون ژ تـاس ڕێـزاوە زەمـین

بەپیشنیاری پیران لەنێو تەشتێکا سەری ئەبڕن ئەوەیە تەنها یەك دڵۆپە خوێنی کەوتە سەرزەوین بوبە هۆی ئەوهەمو کوشتو کوشتارە ، لە دوای ئەم ڕوداوە هێرش ئەبەنە سەر داروەستەی سیاوەش وبە تەواوی ئەو کەوکەبەو دەبدەبەیە لەناودەبە ، کاتێ هەواڵی ئەم ڕوداوە ئەگاتەئێران کەوا ئەفراسیاب سیاوەشی سەربڕیوەڕۆستەم ڕو ئەکاتە پایتەخت وپێش هەمو سودابەو لایەنگرانی قەتڵ وعام ئەکات ، لەدوای ئەوە سپایەکی پێك دێنێو ڕو ئەکاتە خاکی توران و بە هەرشوێنێ دەگات لە کوشتن و سوتاندن کۆتای ناکات نیزیك بە هەشتا شاری توران وێران ئەکاو ئەیسوتێنێ ، تا دەگاتە پایتەختی توران ئەفراسیاب دەزانێ لەو کاتەدا ناتوانێ لە بەرابەری ڕۆستەم و سپاکەیدا هیچ بەرکریەبکات لە ترسا هەڵ دێوخۆی هەشارئەدا ئەمانیش تەواوی پایتەخت وێران ئەکەنو هەرچی گەنجو ماڵیان ئەبێ دەیبەن بەغارەت ، ئەڵبەت ئەمە تایبەتی شاهنامە کوردیە لە فارسە کەیدا بەشێوە یەترە کە ئەگەربێتەو باسی ئەوەش بکەین زیاتر بە درێژا ئەکێشێ، ڕۆستەم پاش ئەو هەموکوشت و کوشتارەو بەدیل گرتنی هەزاران کەس ، تەرمەکەی سیاوەش پەیدا دەکەنو بەرەو ئێران هەڵ ئەگەڕێنەوە ، هەرلەو کاتەدا کەیگاوس شایش دەمرێ و ماوەیە ئێران بێ پادشا ئەبێت ، هەرکەسێ بۆخۆی دەیەوەێت ببێ بە پادشای ئێران شڵە ژاویەکی واپێش دێ کە هەموان ڕو ئەگەنە زابل و پەنا دەبەنەلای زاڵ کەوا چارەیە بۆ ئەو تێك چونە بدۆزێتەوە،زاڵیش ڕو ئەکاتەپایتەخت و ماوەیە خۆی دەبی بە پادشای ئێران و لە هەرشوێنێ کەسێ سەر هەڵ دەبڕێ دەس بەجی سەرکوت ئەکرێ و لەناوی ئەبەن ، وێنەی شیعری کوردی .

دەردەم زاڵزەڕ ســـوار بــی وەئەسب          لوا پـەی ئێران وە تـەعجیل و تـاب
تەشریف بەرد وەبان تـەخت کاوس شاە          تـاج کـــەیانی وەکـــەلەش نییـا

**چـــەپـــەر کیـاناجــاڕ دان وەشـــاران        حاڵی بان یەکسەر گشت نەرەشیران**

زاڵ ئەتوانێ بۆ ماوەیە کۆتایی بەو ئاشوبو شڵە ژاویە بێنێت ، تائەوەی بەیارمەتی ئەستێرە ناسان وزانایانی ئەوبەشە بەوەی دەزانن کەلە سیاوەش کوڕیك بەناوی کەیخەسرەو هاتوەتە دونیاو لە وڵاتی تورانیشەو تەنها گیویش ئەتوانێت ئەوکوڕە بێنێتەوە بۆ ئێران ، بەو شێوەیە گیو ڕەوانەی توران ئەکرێ و بۆماوەی حەوت ساڵ ئەگەڕێ بە شوێن کەیخەسرەودا ، تائەوەی ڕۆژێ نزیك بە سەد سوار ئەبینێت بەگورجی بەرەو ناوچەیە تێ دەپەڕن کاتی پرسو جوی ئەوەی دەکات کەچی قۆماوە ، یەك نەفەر پێ دەڵێت لەسیاوەش کوڕێك پەیدا بووە کە ئەفراسیاب دەیەوێت ئەویش بکوژێت ، گیو کەبەوەی دەزانێت بێ ماتڵ بون دەچێت بەشوێنی ئەوسوارانەداو بەتاکە سوار لەگەڵیان دەرگیر ئەبێ و هەمویان لەناو ئەبات و کاتێ ئەچێتە ئەوشوێنەی کە سوارەکان بەرەو ئەوەێ دەچون هەرلەدوورەوەکەیخەسرەو بەوناونیشانە کە دایکی گوتوبوی گیو دەناسێتو دەچێت بەدەمیەوە ، هەرلەو کاتەی فەرەنگیسیش دێو دەگەنەلای گیو ئەویش پاش هەواڵ پرسیو ئاشنابون لەگەڵیانا جریانی ئەوسەد سوارەیان بۆ ئەگێڕێتەوە ئەوانیش ئیدی راوەستان بەباش نازاننو کەیخەسرەو دەچێت ئەسپەکەی باوکی کەناوی شەودێزە دێنێتیو سواری ئەبێو گیویش ئەسپەکەی خۆی ئەدا بەفەرەنگیسو دەکەونە ڕێگا بەرەو ئێران ، لەولایشەوە ئەفراساب ئەوهەواڵەی پێ دەگات کەوا یەك نەفەر تەواوی ئەو سوارانەی کەچوون کەیخەسرەو بکوژن لە ناو بردوە، بە پێی ئاگاداری کە پێی گەیشتوە دەزانێت ئەویەك نەفەرە گیوبووەو ئیستاش بەرەو ئێران دەڕۆن ، دەس بەجێ سپایەکی دەهەزار کەسی دەنێرێ بە شوێنیانا ، کە پاش چەندە ها شەڕو پێکا چون دەگەنە ئێران و قەڵایە سەرسنور ئەبیت بەناوی ( قەڵای دەریاکەنار) خۆیان دەگەیننە نێو ئەو قەڵاو لە بەرابەری سپای تورانەوە کە پەیاپەیا پییان زیاد ئەبێ ڕائەوەستن ، تائەوەی ئیدی چارەیان نامێنێو نامییە دەنوسن بۆ ڕۆستەم کە وائیمە گەیشتیونەتە قەلای دەریاکەنار و سپای ئەفراسیاب چواردەوری قەڵاکەی داوە، ڕۆستەم کە ئەو هەواڵەی پێ دەگا مناڵانی یەك لەدوای یەك ڕەوانەی مەیدانی شەڕ ئەکاوخۆیشی بەدواوی ئەوانا دەکەوێتە ڕێگاو بەزەڕعەلیش دا هەواڵ دەنێرێ بۆ زاڵ کە وا زەوارەو تەخارەو مەرزبان لەگەڵ سپادا روانەی مەیدانی شــــەڕ بکات .

لێردا هەڵەیەکی گەورە دەکەوێتە پێش چاو ناکرێ هەروا بەلایا تێ پەڕین ، ئەویش ئەوەیە سام کوڕی فەرامەرز لەهێرشی ئێران بۆ سەرتوران بۆ تولە سەندنی خوێنی سیاوەش وەك کەسایەتێ ناوی ئەبرێ کەچی پاش ئەو هەمو ساڵانە لێرە دەڵێت سامی حەوت ساڵە وێنەی شیعری .

**سـام هـەفت سـاڵە فکری کـەرد نـەکار        دۆســـەن یادوشــمن سـپای بێشـمار**

ئەمە لەخۆیدا شتێکی نەشودەو دیارە شاعیر زۆر ئەم بابەتانەی لەبارچاو نەگرتوە ، کە ڕۆستەم ومنداڵانی بەوشوێنە دەگەن ، لەولایشەوە بەپیشنیاری پیرانی وەیسە ئەفراسیاب نامە دەنێرێ بۆ سورخاب شاو ئەویش لەگەڵ دوو نۆسەد هەزار سپادا رەوانەی مەیدان ئەبێت ، وێنەی شیعری کوردی .

**شاە سورخاب دەردەم نگای نامە کەرد        خرۆشا وەخەشم ئەودێوی نامەرد**

**دوونۆســـەد هەزار سپا کەردش جـــەم        جــەزۆری سپاە ســـەمابی ماتـەم**

لێرەش سورخاب شاە بەپادشای دێوان لە قەڵم دراوە کەچە لە شاهنامەی فیردەوسی دا سورخەکوڕ ئەفراسیابەو بەدەستی ڕۆستەم ئەکوژرێت ، لەبەشی کوردیەکەیدا ئەوسورخاب شا دێت وتەواوی منداڵانی ڕۆستەم بەدیل ئەگرێت هەتا ڕۆستەم دێتە مەیدانەوەو سورخاب شا ئەکوژێومنداڵانی رزگار ئەکات و بەهەموانیانەوە هەڵمەت ئەبەنە سەر سپای تورانو

بەیەكجاری هەموی تێ ئەشكێنن وئەفراسیاب دووبار لە مەیدانی شەڕ هەڵ دێو سپای ئێرانیش لەگەڵ كەیخەسرەودا بەشادە خۆشی هەڵ ئەگەڕێنەوە بو پایتەخی ئێرانو لە سەر تەختی شاهی دادەنیشێت .

## چیرۆكی برزو فەلاوەند

ئەم چیرۆكە لەروی دەست نوسێ نوسیومەتەوە كەلەلایەن كاك موحەمەد رەشیدی حیسامی دەستم كەوت و ئەتوانین بڵێن یەكێ لە درێژترین چیرۆكەكانی شاهنامەی كوردی (هەورامی )یەو هەروەك ئەوانی كە لەقاڵبی شیعری دەبڕگەیی و بە شێوەی مەسنەوی دانراوەو نیزیك بە ٣١٥٠ دێڕە ، كە بەداخەوە ناوی شاعیر یان نوسورە كەی لە سەر نەنوسرابو .

ئەگەرچی لە هەندێ شوێندا نەزم و تەرتیبی دارژانەكەی تێك چووەو جارجاریش رەدیف و قافیەی لە بەرچاو نەگیراوە كەچی ئەتوانین بڵێن ، یەكی لەو چیرۆكانەیە كەتایبەتی شاهنامەی كوردیە و لە روانگای شاعیرێكی كوردەوە دارژاوە ، هەرچەند زۆربەی پاڵەوانەكان هەرئەوانەی شاهنامەی فیردەوسین ، لە كەناری ئەوانش دا كەسانێك ناودەبەن وەك پاڵەوان و كەسایەتی كە لێرو دا ناویان ئەبەین ( حۆری لەقا كچی جەهانگیر شای خوارەزم، میهری جەهانسوز كچی گەرشێوس، فولادوەندی دێو، سونبلەی جادوو ، قەتران شای مازیندەران، سەرهەنگ شای زەنگیبار، جەمشید شای مەغریب، ناهید شای كوڕی پادشای مەغریب، پاڵە وانانی مەغریب وەك قەرنوس ، زاڵ زولعاد، سام فیل سەر، ئەملاق زەڕ پۆش، جمهور، كەینوش، وە زەرغام، پاڵەوانانی پادشای مازیندەران، روستەمی یەك دەست، ئەرژەنگی سالار ، فەرهەنگو ئەفغان، پاڵە وانانی شای زەنگی بار، مەكۆگاڵ و نەهەنگاڵ، خەرپاڵە خەرچەنگ، قەجەنگو ئەلكوس، قەرپوسو ئەفكوس، زۆربەی ئەمانی لەهیچ شوێنێكی شاهنامەی فارسی و كوردیدا ناویان نەهاتوەو تایبەتی ئەم چیرۆكەن .

لە باری ساختارو ناوەرۆكەوە ناتوانین بڵێن وەرگێڕە لە بەر ئەوەی شاهنامەی فیردەوسی چیرۆكو بە سەرهاتێ وای تێدا نیە ، یەكێ لە پاڵەوانانی ئەساسی برزوە هەروا لە چیرۆكی سیاوەش دا ئامازمان پێ كرد كە برزو كوڕی زۆرابەو ئەفراسیاب بەشێوەیە كەپی نەزانێت بەرەو لای خۆی رای ئەكێشێو رەوانەی مەیدانی شەڕلە گەڵ رۆستەمی ئەكاو كاتێ بەوەی دەزانن كەئەوە كوڕی زۆرابە ، هەمویان لەو روداوە پێ خۆشحاڵ ئەبن بۆوێنە.

هــەركەس عاقڵـەن هۆشـش هانەســەر     جە بەحس تەقدیر نەكـەردەن گـوزەر
رۆستەم سپای تـور وەهەمدا شكەست     جەهان جۆ برزو ئاوەردش وە دەسـت
جـــە شـــادی بـرزو ئێـرانی یەكســـەر     تـەمام سـەربـەردن وەچـەرخ ئـەخزەر

هەتا ئەوەی رۆژێك لە مەجلیسە كەیخەسرەودا  كە تەواوی سەردارانو پیاو ماقوڵانی دەربار لەوی ئەبن  رۆستەم هەڵ ئەسێتەوەو رو ئەكاتە كەیخەسرەوو دانیشتوان و دەڵێت ، لەو رۆژەی كە خوای گەورە برزوی بۆلای ئێمە گەڕاندوەتەوە بەڵێنم داوە تەواەی كەرەسەو ئەسپابی خۆمووپەرچەمی ئەژدەهاپەیكەرو سپەسالاری ئێران پاش خۆم بدەم بەبرزۆ هەتا توانیبێتم گۆشەیە لە روداوی بێ باوكی بۆ پڕكەمەوە ، بۆوێنە:

یەك رۆنەمەجلیس خوسرەوی لاڵ پۆش     ئامـاوە جـــواب بەبـــر بـــەیان پـــۆش
ئـەمن رۆستـەمـــم نـەوەی نەســـڵ ســـام     گۆش دەن وەحەرفم تـەمام خاســو عـام
بـــەڵێ مـن ئیقـــرار كـەردەنم جـــەی وەر     پـەی هـــون بـابۆی برزوی شێـرئـەژدەر

**سـپە سـالاری شـای ئێـران دیـار　　بەخشـام وە بـرزو شێـر روی شکار**

**جـەدما ی مـەردەن پـور زاڵ زەڕ　　جـا نشینمەن بـرزوی شێـر ئـەژدەر**

فەرامەرزی لەو هەرمانەی باوکی زۆر ناڕحەت ئەبێو بە سەد رەنگ ئەگۆڕێت ، ئاخر خۆی پێ ناگیرێو رو ئەکاتە باوکیو دەڵێت ، گونای من چییە پێم بڵێ ئەگەر پیاوی مەیدان نیم یان لە فامو هۆشدا ناتەواوم بابزانم من فەرامەرزم و پێم دەڵێن کۆکەش هەر ئەو کەسەیشم کە برزوم لە مەیدانی شەڕا باڵ بەس کرت .

برزوش ئەو قسەو واتانەی فەرامەرزی پێ ناخۆش ئەبێو بەتوڕیەوە دەڵێت ، تۆ پیاوی ئەوە نیت کەبتوانی من بە شێوەی پیاوانە لە مەیدانا باڵ بەس کەیت ئەگەر پێی ئەسپەکەم نەدەچو بەو کوناداو هەڵ نەئەدێرام هەروا کە شانی رۆستەمم شکاندتۆم وردئەکەرد بەیەکا ، فەرامەرز لەو کاتەهەڵمەتە خەنجەر ئەکابۆ برزو رۆستەم دەستی ئەگرێو بە شەلاق دێت بەفەرامەرزاو نیزیك بە سەد شەلاقی لێ ئەدا ، تا ئەوەی زاڵ هەڵ ئەسێتەوەو دەستی رۆستەم ئەگرێو لێی توڕە ئەبێو دەڵێت ، شێتی سەرخۆش فەرامەرز کوڕتەو برزو کوڕە زا جیاوازیان چییەکەوا خەریکی یەکێکیان بۆ ئەویتریان لەناو ئەبەی ، رۆستەم ئارام ئەبێتەوەوپاشان رو ئەکاتە کەیخوسرەوو دانیشتوان ودەڵێت، من دوژمنێکم هەیە بە ناوی (فولادوەند) هەرکام لەم دوانە توانیان فولادوەند زیندە یان مەردو بۆ من بێنن ئەوەیان جێگاداری منە، لەو کاتەدا فەرامەرز دەیەوەێت هەڵسێتەوە زاڵ ئیشارەی لێ ئەکات کە بێدەنگ بێت ، برزوش بەوەی دەزانێو دەس بەجێ هەڵ ئەسێتەوەو بەڵێنی خۆی بۆ شەڕ لە گەڵ فولادوەند دا دەرئەبڕێ ، هەربەم بۆ نەیەوە ناوی ئەم چیرۆکە نراوە (برزو فەڵاوەند) کە فەڵاوەند کورت کراوەی فولادوەندە ، ئەم فولادوەندەش هەر ئەو پولاد وەندەیە لەشاهنامی فیردەوسی دا لە شەڕێکی ئەفراساب و کەیخەسرەودا چەند کەسی لە ئێرانیان ئەکوژێو چەند کەسێکیش باڵ بەس ئەکاوئاڵای درەفشی کاویانیش بەخەنجەر ئەدڕێنێت ، کە رۆستەم دەچێتەمەیدانیو بەهەرشێوەیە دەبێ ئەی دا بەزەمینداو وادەزانیت تەواوی ئێسقانی بەدەنی وەرد بونو بە جێی دێڵێو رو ئەکاتە سپای ئەفراسیاب کە مندالە کانی رزگار بکات ، هەرلەو کاتەدا پولادوەند دێتەوە هۆشوبەهەلی ئەزانیولەمەیدان دەرئەچێو ئیدی لەهیچ کوێی شاهنامەدا ناکەوێتە بەرچاو ، وێنەی شیعری فارسی.

| | |
|---|---|
| یکی زوربنمـود و پولادونـد | بسـان چنـار زجـا دربکنـد |
| بگـردن برآوردو بزد برزمین | همی خـاند برکـردگار آفـرین |
| گمـان برد رستم که پولادوند | بدارد به تن به دروستی هیـچ بند |
| چوپیش صف آمد یل شیر گیـر | نگه کـرد پولادوند بسـان یك تیر |
| زخـاك انـدر آمد برپشت زین | تو گفتـی همـی در نـورد زمیـن |

رۆستەمیش ئەو هەرەکەتەی فەڵاوەندی لەبیرناچێت کەواپەرچەمی پیرۆزو دێرینی ئێرانی دڕاندوە و بەگەورە ترین دوژمنی خۆیوئێرانی دەزانێت، بۆیە ئەومەرجەی دادەنیت بۆمندالانی، برزوش پاش ئاگاداری لەوڵاتی فولادوەند لەگەڵ پێنج هەزار کەس روئەکاتە ئەووڵاتە ، ئیرادەی خودا وا ئەبێت شەوی لە دارستانو بێشەیەکدا کەدەچن بەرێگا تۆفانورەشەبایە هەڵ ئەکاو برزوش پێ ئەدا لەرکابی قەرەڵان کەئەسپی بەناوبانگی برزوەو لاناکاتەوە هەتا بەیانی رۆژ ئەبێتەوە ، کاتێ سەیر ئەکات هیچ کەسێ بەدواو نییە و لێ ناژیت هەڵ گەڕێتەوەو بەریگا چونی خۆی ئیدامە ئەدا هەتا ئەوەی دەگاتە نێو باخ و گوڵزارێ کەشوێنی وای لە هیچ وڵاتی نەدیوە ،دەچێتە نێو ئەوباخو گوڵزارەو لە سەرئەسپەکەی دێتە خوارێو دەس ئەکا بەگەڕیان تائەوەی باخەوانی ئەوباخە پێی ئەزانێو دەڵێت ، ئەی جوان هەرچی زوتر لێرە دا برۆ ئەگەر خاوەنی ئەم باخە

کەچووە بوراو هەڵ گەڕێتەوە لێت خۆش نابیٚ ، برزو دەڵێت مەگەر خاوەنی ئەم باخە کێیە ، ئەویش ئەڵێت حۆری لەقا کچی جەهانگیر شای خوارەزمە ، لەو وتو وێژە دا ئەبن کە دەنگی هەی دوربەو دور کەوە بەرز ئەبێتەوە، برزو سەیر ئەکا چەند سواریٚ بەتورپیەوە بەرەولای دێنو شمشێریان بۆڕاکێشاوە ، ئەویش بەرەو رویان ئەڕواو چەند کەسێکیان لیٚ ئەکوژێو بریندار ئەکات ، حۆری لەقا کەئەوهەموزاتو زۆرەی لەولاوە دەبینیٚ عاشقی ئەبێو دەچێتە پێشەوەو داوای لێبوردنی لیٚ ئەکات کەوا پیاوانی بەوشێوە روبوروی بوون ، هەرلەوێدل داوای لیٚ ئەکا لە گەڵیا بچنە نێو کۆشکو تەلاری تایبەتی ، لەویدا لەقا بەخێر هاتنی برزو ئەکاو هەستی دەرونی خۆیشی بۆ دەرئەخات ، وێنەی شیعری.

| | |
|---|---|
| **لـەقا وات جــوان وەش ئامای وەی جا** | **پایــە ندازت بۆ ئەی زەیـدو مــاوا** |
| **هــەردوو چەنی هەم لوان پـەی تـەلار** | **نشتن وەبان تـەخت کورسـی زەڕنگار** |

پاش ئەوەی برزۆ خۆی پیٚ دەناسینێت لەقا زیاتر دڵەو داوی دەبیٚ ماوەیە لەوێدا ئەمێنێتەوە تائەوەی پادشای خوارەزم لەو جریانی تیٚ دەگات ،زۆرناراحەت ئەبێو دەڵێت هەرئیستا بڕۆن سەری ئەوپیاوەم بۆ بێنن ، یەکی لە وەزیرە کانی دەڵێت ئەوهەرمانە دروست نیە ئەگەرئێمە برزو لەناو بەرین ژیانمان بەدەست رۆستەم تاڵ ئەبێت ، واچاکە مەرجیٚ دانێت بۆبرزو ئەگەر ئەوئەژدەهایە وا ساڵەهای ساڵە ئێمەی بەگیر هێناو کوشتی ئەوکاتە حۆری لەقای پیٚ ئەدەی کە بڕوا ناکەم لەوشەڕە دا سەرکەویٚ ئەوکاتەش هیچ تاوانیٚ ناکەوێتە ئەستۆی ئێمە، جاهانگیر شا ئەوڕایە پەسەندو پاش چاو پیٚ کەوتنی برزو ئەو مەرجەی بۆدیار ئەکات لە بەرابەری هاوسەریەتی لەقاوە ، برزوش قبوڵی ئەکاو پاش روداوێکی زۆر ئەژدەهاکە ئەکوژێو دەبیٚ بەهاوسەر لەقا و ماوەیە لەویدا ئەمێنێتەوەو لەدوای ئەوەی روئەکاتە ماوای فولادوەند ، کەلەو ناوانەش دا توشی ئەبێت بەتوشی رۆستەمی یەك دەست ولەشەڕوگوریزێکی زۆردارۆستەمی یەك دەست ئەگرێت،کاتیٚ دەیەوێت بیکوژێت  یەك دەست پیٚ ئەڵێت من بەڵێنم داوە هەرکەسیٚ لە مەیداندا زاڵ بێت بەسەرما دەبم بەغولامی هەروەك زەڕعەلی ورۆستەم ، برزو ئەوەی دەبیسیٚ لە کوشتنی ئەبورێو یەك دەست بەرئەدا  ئەویش کەمی لە برزۆ دور ئەکەوێتەوە ، دەڵێت بە راستی برزۆی بەرزیگەری وخۆش باوەڕ بڕۆ خوات لەگەڵ برزو ماوەیە دەنێتە شوێنی یەك دەست و هەرچە ئەسپ تاو ئەدا ناگا پێی  لەوهەمو فرزیەی سەری سڕ دائەمێنێت ، ئید لەوەی دەس هەڵ ئەگرێو رو ئەکاتە ماوای فولادوەند، هەروا دەچێت تا دەگاتە داوێنی کێوو ئاو سەراویٚ زۆر خۆشو رازاوە ، کە شاعیر لێرەدا بە دروستی تەسویریٚ لە کێوەکانی هەورامانی دەس نیشان کردوە ، بۆ وێنە .

| | |
|---|---|
| **یـاوا بـە مــــەنزڵ پـڕ خـــۆفو بیمیٚ** | **دەشـتو مــورغزار کۆیـە عـــەزیمیٚ** |
| **نـەروی مـــورغـــزار لالـە بـی رەوان** | **مەتافۆ مەیو ئـاب جـە ســـەرکێوان** |
| **سـەحراو موغزاروەهـەم مـەدۆ مـەوج** | **شکار نەو سارا مەگێڵاڤەوج فـەوج** |

هەرلەوێدا ئارەزوی راوی ئەکرێو گوڕیٚ ئەکوژێو ئەیکا بەکەبابو ئەیخوات لەبەر ماندویی هەرلەو شوێنەدا سەرخەویٚ ئەشکێنیٚ ،لەو لایشەوە ئەم شوێنە راوگەی فولادوەند ئەبێت هەرلەو کاتە ئەویش لەگەڵ دە هەزار دێوی جەنگی دا دێن بۆ راو کاتیٚ ئەگەنە راوگە وچاویان ئەکەوێت بە قەرەڵان فولادەند ئەڵێت ئەو ئەسپە بۆمن چاکە هادەی بیگرن، چەند کەس لەهاوڕێیان رو ئەکەنە ئەو ئەسپە کەبیگرن قەرەڵانیش گوێی قوت ئەکاتەوەو کلکی دەکا بە عەلەمو رو ئەکاتە دێوەکانو

چەند کەسێکیان لێ دەکوژێت ، دێوەکان کە ئەوەی دەبینن بەیەك جاری هێرش دێننو دەور قەرڵان ئەگرن لەو کاتە دا یەك دەست پەیدا ئەبێو رو ئەکاتە سپای دێوەکانو لە گەڵ قەرە ڵاندا دەست ئەکەن بەشەڕ کردن تا ئەوەی برزو خەوەری ئەبێتەوەو چاوی ئەکەوی بەو پێکاچونە رو ئەکاتە مەیدانو چەند کەسێ لە دێوە کان ئەکوژن ، فولادوەند کە ئەوەی دەبینێت خۆی رو ئەکاتە مەیدانو لە گەڵ برزودا بە شەڕ دێن ، کاتی لە یەك ئاشکار ئەبن هەرکام دەیانەوێت ئەویتریان لە ناو بەرێ لە وشەڕدا هەردووکیان بریندار ئەبن و برزو کاتێ ئەوەی دەزانێت کە خەریکە لە هۆش بچێت لە مەیدا دەرئەچێو رۆ ئەکاتە ماوایە کەبتوانێت برینەکانی ساڕێژ بکات ، فولادوەندیش هەروا بەهەلی ئەزانێو مەیدان بەجێ دێڵێت ، روستەمی یەك دەست کاتی سەیر ئەکات کە برزو نەماوە ئەویش هەڵ دێو زۆر ئەگەڕێت بەشوێنیاو نایدۆزێتەوە ، برزوش بەو حاڵی برینداریەوە چەند شەوەانە رۆژی دەچێت تا دەگاتە نێو باخو بیستانێ قەرەڵان ئیدی هێزی تێدانامێنێت شانی شل ئەکاو برزو ئەکەوێتە خواری ، ئەوباخەش هی کچی گەرشێوس ئەبێ بەناوی میهری جەهانسوز، هەر لەو دەمە چاویان ئەکەوێت بە برزو هەواڵ ئەدەن بەمیهری جەهانسوزو کاتێ ئەویش دێتە سەریو چاوی ئەکەوێت بەوشانوباهوەی دڵەوداوی ئەبێو فەرمان ئەدا کەبیبەنە نێو کۆشکەوەو دوکتوری بۆبێنن، لە دوای چل رۆژ برزو خۆش ئەبێتەوەو زۆرسپاسی جەهانسوز ئەکات ، کاتی خۆی پی ئەناسینیت جەهانسوز زیاتر عاشقی برزو ئەبێو داوای لێ ئەکا ماوەیە ترلای بمینێتەوە لەولایشەوە فەلادوەندیەك راست ئەچێت بۆای سونبلەی جادوو کە مەعشوقەی ئەبێو لەباری جادو گەریشەوەی باڵادەستی نابێ ، گاتی ئاگادار ئەوەی دەبێت کەبرزو وای بەسەرا هێناو فەرمان ئەدا بە شاگردانی دەبێ برزوی بۆ پەیدا کەن ئەوانش پاش گەڕانێکی زۆرهەواڵ ئەدەن بە سونبلەو کەوا برزو لە باخی میهری جەهانسوزدایە ، ئەویش دەچێت بۆ ئەو باخەو خۆی دەگۆڕێو بەشێوەی کچێکی زۆرجوانو لە کەناری سەراوی ئەوباخەدا خۆی هەشار ئەدا هەتا برزو دێت بۆ ئەوشوێنە ، خۆی پیشان ئەداو برزوش لەو هەمو جوانیە سەری سڕ دادەمینێت هەتا دەیەوێت بچێتە پیشەوەسونبلە بە شێوەی جادووگەری برزو بێ هۆش ئەکاو دەستو باڵی ئەبەسێو دەیبا بولای فەلادوەند ، ئەویش دەیەوێت کەبیکوژێت سونبلە دەڵێت بۆچ وابیکوژین ئەفراساب تینو خوێنی برزوە بابی بەین بۆ پایتەختی تورانو لە بەرابەری پێشکەشی برزو بە ئەفراساب سپەسالاری توران ئەبەخشێ بەتۆو برزوش دەکوژین ، فولادوەند ئەو رایە پەسند ئەکاو لە گەڵ برزودا بەرەو پایتەختی توران ئەکەونە رێگا، وێنەی شیعری.

| | |
|---|---|
| فولادوەنــد دێـو جـادووی نابـەکار | ئـاوەردش بـرزو پـەی تـوران دیـار |
| خــەوەردار بکـەن شـاهی کینــە جـۆ | بواچـان پـەرێ دووسـاخەن بـرزو |

ئەفراسیاب لەوهەرمانەی فولادوەندو سونبلە زۆر رازی ئەبێو لە مەجیلسەدا دەس ئەکا بەقسەوتن بەبرزو وتەی ناپەسەند بەبنەماڵەی زاڵ ، برزو لەو وتووێژەی ئەفراسیاب توڕ ئەبێو زۆری ئەدا بە خۆیو چەند بەندێ لە زەنجیرەکەی ئەبچڕێنێت دەست ئەکا بەقسە وتن بە ئەفراسیاب ، لەوکاتە سونبلە دەڵێت ئەگەر پادشا ئیجازە بدا هەرئێستا برزو تیکە تیکە ئەکەم ، ئەفراسیابیش دەڵێت شکاری خۆتەو هەرجۆری دەی کوژیت ، ئەویش بە خەنجەر پەلامی برزوئەدا ، برزوش روئەکاتە بارەگای خواوداوای یارمەتی لێ ئەکاو نەعرەیە ئەپێکێو زەنجیرەکان لەیەك ئەبچڕێنێت و هەتا سونبلە دەیەوێت وردێ بخوێنێت برزو ناقرەی ئەگرێە ملی ئەشکێنێت فولادوەند کەئەوەی دەبینێت بەساتۆر پەلامی برزو ئەدا ، برزوش بەرەو روی ئەچێتو فولاد وەندیش ئەکوژێت ، ئەفراسیاب کە ئەوکردەوەیە دەبینێت فەرمان ئەدا بە دارو دەستەکەی بەیەکجاری هێرش ئەبەن بۆ برزوو دوای کوشتو کوشتاری زیاد برزو دووبار ئەگرنو  ئەفراسیاب کە دەیەوێت بیکوژێت پیرانی وەیسە

روی تێ ئەكاو دەڵێت، سەروەرم ئیمە هێشتای نەمانتوانیوە ئەووێرانیەی پاش كوشتنی سیاوەش دروست كەینەوە ، ئەگەر برزوش بكوژێت بەراست رۆستەم ودارو دەستەكە ژیانمان دووبار لێ تاڵ ئەكەن ، من وادەزانم برزو بخەینە بەندی خانەو هەتا بزانین چۆن روزگار دەچەرخێ ، ئەفراسیاب دەزانیت كە پیران قسەی بێ جێ ناكات فەرمان ئەدا برزو بخەنە بەندی خانەوە.

لەولایشەوە كچی كەرشێوس كە ئەوهەواڵە دەبیسێ نامەیە دەنوسێت بۆ رۆستەم و تەواوی ئەوبەسەرهاتەی برزوی بۆ بەیان ئەكات ، رۆستەمیش كەئەو هەواڵەی پێ دەگات، بە راوێژ كردن لە گەڵ كەیخەسرەودا مندالآنی یەك لە دوای یەك رەوانی توران ئەكاو پاشان توس ئەكری بەسپەساڵارو كەیخەسرەو دەڵێت هەردەم ئێمە لە روداوەكان ئاگادار بكەرەوە.

لەولایشەوە سێ پادشا لە سێ وڵاتی جیاوازەوە نامە دەنێرن بۆ داواكاری میهری جەهانسوز لەئەفراسیاب، كە ئەوانەش قەتران شای مازیندەران وسەرهەنگ شای زەنگیبارو جەمشید شای مەغریب ئەبن،ئەفراسیاب لەوبێ ئەدەبیە زۆر تورئەبێو فەرمان ئەدا كوێی هەرسێ نامە بەرەكان ببرێوبیان بەنەوە بۆ پادشاكانیان، گوێی نامە بەرەكانی شای مازیندەرانو شای زەنگیبار ئەبرن بەڵام پیرانی وەیسە نایەڵێت گوێی نامە بەری جەمشید شای مەغریب ببرن، دەڵێت ئەو خاوەنی دەسەڵاتێكی وایە و سەردارانێكی لە ئەختیاردایە كە رۆستەم و نەوادەگانی دەستان بە هیچ ئەزانن، چاكتر وەهایە ئەمەبە هەل بزانیو بۆی بنوسیت ئەگەر ئەوتوانی رۆستەمو نەوادەگانی زاڵ لەناو بەرێت ئەوا میهری جەهانسوزی پێشكەش ئەكەین، ئەفراسیابیش بەوشێوە نام دەنێرێ بۆ جەمشید شاە، پاش ماوەیە شای مازیندەرانو زەنگیبار دین بۆ شەڕ لە گەڵ ئەفراسیاب دا كە هەر كام هەزاران دێوی جەنگی لەگەڵ خۆیانا دێنن ، ئەفراسیاب بەوەی دەزانێت روئەكاتە پیرانی وەیسەودەڵێت چارەمان چیێ، پیرانی وەیسەیچ ئەڵیت من دەزانم برزو عاشقی میهری جەهانسوزە ئەگەر بەڵێنی میهری جەهانسوز بە برزو بدەی شەری ئەمانەمان لە كۆڵ ئەكاتەوە، ئەفراسیابیش دەنێرێ بەشوێنی برزوداوئەوەی پێ رائەگەیەنێ كەوا ئەوپادشانە هاتونو دەیانەوێت میهری جەهانسوز بەزۆر بەرن ، برزوش كە ئەوی دەبیسێ دەڵێت.

| | |
|---|---|
| **برزو چــون شنەفت نام جــەهاندار** | **چین وست وەچارە شی نەجامەی قار** |
| **وات ئەی پادشـای بێ نامـوس ونەنگ** | **من مەدم جواب ئەی سپاو سەرهەنگ** |
| **شەرتەن من تەمام سپای قەتران شا** | **شــای مــازیندەران دێـوانی گــومڕا** |
| **دەردەم فــەرمان داشــای تـوران دیـار** | **ئـاوەردە قــەرلاَن بــرزوبی ســوار** |

لەوكاتەی ئەفراسیاب سپایە جەم ئەكاو برزو ئەكرێت بەسپەساڵارو روئەكەنە مەیدانی دووسپای ناهەموار رۆژی یەكەم یەكێ لە پاڵ وانانی قەتران شا دێتە مەیدانوتابرزو خۆی ئامادە ئەكات بەفەرمانی ئەفراسیاب چەند كەسی ئەچنە مەیدانو هەمویان ئەكوژرێن، تائەوەی برزو ئەچێتە مەیدانو چەند پاڵوانێ هەم لە سپای قەرتان شا ئەكوژیت هەم لە سپای سەرهنگ شا.

ئەم شەڕە بەوشێوەیە بەردەوام ئەبێت تا ئەوەی ناهید شا كوڕ جەمشید شای مەغریب دەگاتە ئەوشوێنە ، بە هاتنی ئەو ئەفراسیاب دڵنیا ئەبێو ، لە لایەن پیرانی وەیسەوە تەواوی ماجەرای ئەو شەڕی بۆ ناهید شا بەیان ئەكەن ، ئەیش دەڵێت هەرئێستا هەم برزو وە هەم پادشای مازیندەرانو زەنگیبار باڵ بەست وپێش كەشی شای تورانیان ئەكەم ، هەرلەوكاتەی برزولە مەیدانی شەڕ ئەبێت ئەملاق یەكێ لە سەردارانی ناهیدشا رەوانەی مەیدان ئەكاتو دەڵێت هەرئێستا ئەدووپاڵەوانەم بۆباڵ بەس كە، ئەملاقیش رو ئەكاتە مەیدانە بە ئەرژەنگی دێو كەلەگەڵ برزودا خەریكی شەڕ ئەبن ئەڵێت تۆ راوەستە

تامن ئەوەی باڵ بەس کەم ئەوکاتەتۆبەی تۆش دەگات، هەرلەو کاتەی بەشێ لە سپای ئێران بەسەرپەرشتی فەرامەرز دەگەنە ئەوشوێنە فەلامەرز کاتێ سەیر ئەکات کەبرزو بە تاکە سوار لە مەیداندا خەریکی شەڕە روئەکات سامو دەڵێت ، بە فریای برزو کەوە سامیش دەس بەجێ رەوانەی مەیدان ئەبێتولە گەڵ برزودا هەردوپاڵوانەکان ئەکوژنو شەڕی مەغلوبە لەلایەن ئێرانو سپای مەغریبەوە دەس پێ ئەکات ، کەسپای ئێران لەوەش دا سەرکەوتن بەدەس دێنێت .

ئەوەندەی پێ ناچی کە سەردارانی ئێرا یەك لەدوای یەك دەگەنە ئەوشوێنەهەروەها رۆستەمی یەك دەستیش خۆی ئەگەێنێتەلای برزو ەدلێت من بەلێنم داوە کەغولامی تۆم ولەکاتی تەنگانەدا هەرچ بفەرمو ئەنجامی ئەدەم ، کە ئەویش لەو شەڕەدا دەورێکی کاریگەر ئەگێرێ ، تائەوەی شەڕی هەمەلایەنە دەس پێ ئەکات کە لەو شەڕدا ناهید شای مەغریبو سەرهەنگ شای زەنگیبارو قەتران شای مازیندەران و تەواوی سەردارانیان ئەکوژرێنو سپاکانیشیان تەفرو تونا ئەبن ، هەرلەو دەمەی میهری جەهانسوز نامەیە دەنێرێ بو فەرامەرزو دەڵێت برزو ئەگەر لەسەر بەڵێنی خۆی مابێ دەبێ من فەرامەش نەکات ، فەرامەرزیش ئەوی بەبرزو دەڵێو برزوش لە گەڵ رۆستەمی یەك دەست ئەچن بۆ باخی میهری جەهانسوز ، یەك دەست کەچاوی ئەکەوێت بەوکچە عاشقی ئەبێو بە شێوەیەکی نالەبار میهری جەهانسەز هەڵ دەگرێو بە برزو دەڵێت ئەگەرمەردی وەر بۆ مازینەرانو میهری جەهانسوز رزگارکە ، برزو کە ئەوی لە روستەمی یەك دەست ئەبێسێ هەرچی بە شوینیان دەڕوات پێ ناگات کاتێ فەرامەرزو توس ئاگادار ئەوهەرمانە ئەبن هەمویان بەرو مازیندەران بەرێ ئەکەون کە یەك دەست بە هاوکاری کوڕی پادشای مازیندەران بەناوی سیەفام لەوکاتە بووە بەجێگادار باوکی لە بەرابەری سپای ئێرانەوە رائەوەستن، هەربە پیلانی یەکدەست تەواوی سەردارانی ئێرنی بەدیل ئەگیرێن و سپای ئێران بێ سەردار تێ ئەشکێو هەواڵ ئەبەن بۆ رۆستەم کەچی قۆماوە بەدەستی یەکدەستی مەلعون، رۆستەمیش بەرەو مازیندەران بەرێ ئەکەوێت ، لەوکاتەی سیەفام روئەکاتەیەکدەستو دەڵێت ئەبێ خۆت جواب رۆستەم بدەیتەوە ، یەکدەستیش دەڵێت هیچ باکت نەبێ هەروا ئەوانمان خستە داو ئەمیش ئەخەینەداو، بەلام رۆستەم لەوەی زیرەکتر ئەبێت کەبکەوێتە داوی روستەمی یەکدەست ، لە یەکەم روبەرو بونیاندا یەکدەست بەدەستی رۆستەم بەدیل ئەگیرێتو پادشای مازیندەرانیش ئەوەی دەبینێت بە راوێژکردن لەگەڵ گەورە پیاوانیدا دەچنەلای رۆستەم وداوای لێ بوردنی لێ ئەکەنو دەڵێن هەموی ئەوتاوانە لەئەستۆی یەکدەست بووە، ئەویش لێیا دەبورێو تەواوی دیلەکان رزگار ئەکرینو بۆماوەیە میوانی پادشای مازیندەران ئەبن، هەرلەو کاتەدا هەواڵ ئەدەن بەرۆستەم کە پادشای مەغریب جەمشیدشا لەگەڵ ئەفراسیاب دا بەسپایەکی بێ حەدو حەساب بەرەو ئێران کەوتونەتەرێ ، رۆستەم ئەزانی تەنها زاڵ لای کەیخەسرەو ماوەتەوە ئەگەر ئەوسپایە بگاتە ئێران بێشك دەردی سەرێکی گەورە بۆ ئێرانیان دەروست ئەبێ ، هەرلەوێ فەرمان ئەدا بێ ماتڵ بوون بەرەو ئێران هەڵ گەرێنەوە ، تا ئەمان ئەگەن سپای توران ئەگاتە ئێرانو کەیخەسرەوو زاڵ لە روبە روی ئەوسپا گەورەیەدا کەسێ نوسەد هەرزا ئەبن رائەوەستن، وێنەی شیعری .

**مـــەغریبی داخــڵ تــورانی کـــەردن          ســـێ نۆســـــەدهەزار سپــا ئـاوەردن**
**جــەم بـێن سـپاهان ســەهمگین تــور          سەنگینتەر جەلای سپای سەڵمو تور**

لەوکاتەزاڵ ئەچێتە مەیدانو پاش مەیدان داریەك پیاوانە بەدیل ئەگیرێو سپای توران یەکسەر هجوم دێنن و تێکەڵ بەسپای ئێران ئەبن ، شەوکەدێت بەسەرا سپای ئێران پەنا ئەبنە نێو شارو کەیخەسرەلەخوا ئەپارێتەوە کەلەوتەنگانەدا بگابە فریایو رۆستەم و پاڵوانەکانی تر بگەنەوە ئێران، وێنەی شیعری .

**خەسرەو نەروی خاك سەرهوردانەودەم		کەلەی دیو سفید جەدور دی وەچەم**

**بــەور بــەیان پــۆش ئـاوەرد وەنــەزەر		وات شـوکـرم بـەتۆ حــەی تەوانگــەر**

سپای رۆستەم ئەگاتەوە ئەوشوێنەوكاتیٚ سەیر ئەكەن سپای ئێران زەلیلە هەمویان دەس بەجی هێرش ئەبەنە سەرسپای توران و مەغریبو زۆری لە كەسایەتو پالٚ وانەكانیا لیٚ ئەكوژرێن ، شەو كەدادێت دەست لەشەڕ هەٚ ئەگرنودەچنەوەبۆلای كەیخوسرەوشاو ئەویش پێشوازیو بەخێرهاتنی هەمویان ئەكات، هەرئەو شەوسامو روستەم دەچن زالٚ رزگار ئەكەنو ئەیكەن بەشەبەیخونو خویان هەلٚ ئەگەڕێنەوە هەتا ماوەیە لەشەو تیٚ دەپەڕیٚ تورانی و مەغریبی لەیەك ئەدەن تائەوەی پیرانی وەیسە بەوەی دەزانێت و هاوار ئەكا كەشەڕ راگرن هیچ ئێرانیە لێرە دانییە روژی دوای دووسپا لە روبەروی یەكەوە رائەوەستن لەلایەن جەمشید شاوە یەك نەفەر بەناوی كەینوش دێتەمەیدان و دەلٚێت من تەنها لەگەلٚ رۆستەما بەشەڕ دێم هیچ كەسی ترم ناویٚ ، رۆستەمیش كەئەوەی دەبیسیٚ رەوئەكاتەی مەیدان و لەماوەیەكی كەمدا ئەیكوژێت، لەوكاتە لەلایەن جەمشید شاوە فەرمانی هێرشی یكجاری ئەدریٚ و دووسپاتێكەلٚ بەیەك ئەبن و ئەبێت بەگێرودارزوربەی پالٚوانەگانی سپای تورانو مەغریب یان ئەكوژرین یان بەدیل ئەگیرێن، هەرلەوكاتەدا فەرامەرز جەمشید شابەدیل ئەگرێو زەڕعەلی ئەوهەوالٚ ئەدا بەكەیخەسرە وێنەی شیعری.

**زەڕ عەلی موژدەپەی خەسرەو بەردش		دووساخ جەمشـید حـالٚ بکـەردش**

**شکست دان وەتەخت شای ئەفراسیاب		پیرانە وەیسە جـەرگش بـی کـەباب**

**رونیان وەگـوریٚز وەخەسـتەو ناشاد		شـێرانی ئێـران تـەمام وەدلٚ شـاد**

بەم شێوە یە ئەم چیرۆكەش كۆتایی پیٚ دێو شاو سەردارانی ئێرانی بەسەر بەرزی ئەگەڕێنەوەوناوی سەر بەرزی ئێران بەسەر لەوحەی مێژو دێرینی ئەم ولاٚتەوە دەس نیشان ئەكرێت .

## چیرۆكی مەنیژەوەبیژەن

ئەم چیرۆكە بەسەرهات و روداوێكی ئەویندارییە كە تێكەلٚ بووە لە گەلٚ شەڕوپێكاچونێك لە نێوان ئێران و توراندا وپاش دەردی سەرێكی زۆر ئەو دوو دلٚدارە بەیەك ئەگەن.

بەپێچەوانی روداوەكانی تری شاهنامەی كوردی ئەتوانین ئەمەی بەوەرگێڕانێكی دەقاو دەق دیاری بكەین، كە زۆربەی شیعرەگانی هەروەك شاهنامەی فیردەوسی ، تائێستاش ئەم بەسەرهاتە دووجار لەچاپ دراوە ، یەكەم لەلایەن نوسوری كورد موحەمەدی موكری (لە سالٚی ١٩٦٦لە ٤٠لاپەڕە ٩٧٧دیڕلە لایەن وەزارەتی مەعاریفی فەرانسەوەبەچاپ گەیشتوە) جاری دووەمیش لەلایەن ئیرەجی بەهرامیەوە (لەسالٚی ١٣٨٣لەگەلٚ یەكێتر لە چیرۆكەكانی شاهنامی كوردی بەناوی جەواهیر پۆش لەعل پۆش لەچاپ دراوە) ئەگەرچی كاك ئیرەج لە پێشەكی ئەو دوو چیرۆكەدا دەلٚێت (شاهنامەی كوردی هیچ جۆرە شەباهەتێكیان لەگەلٚ شەڕكانی شاهنامەی فیردەوسی دانیە ) ئیمە دەلٚێن وانیە زۆریٚ لە شەڕو پێكاچونەكانی شاهنامی كوردی دەقاودەق وەرگێڕاوی شاهنامەی فارسین بۆ وێنە هەرئەم چیرۆكەی مەنیژەوبیژەنە هەروەك خودی فارسیەكەی وەرگەڕاوەتەوە ، باسەیری ئەم چەند دێڕە لەهەردوو شاهنامەبكەین .

فارسی :

سوی گیوکرد آن گهـی روی شاه		بخندیدو رخشنده شـد پیشـــگاه

@kurdica

کوردی:

**روکوردش بەگیو شای والاتەبار          دەم بەخەندەوە کەردش ئاشکار**

فارسی :

چنین باشد آئین ایران مگر          کە درویش را کس نگوید خبر

کوردی:

**نەزانام کەردەی ئێرانی پاسەن          چەنی هەژاران حاڵشان کەساسەن**

فارسی :

سبك دست رستم بسان پری          نهان کرد درمرغ انگوشتری

کوردی :

**دەردەم نگین ویش بەنەهانی          نیانەتۆی نان مەرغ بوریانی**

**هەروا لە پێشەکی هەندی لە چیرۆکەکانی شاهنامی کوردی باسمان کردو باسیش ئەکەن راستە زۆرێ لەو بەسەرهاتانە جیاوازیان لەگەڵ شاهنامەی فارسی داهەیە ، کەچی زۆریشیا هەروەك وەرگێڕانێکی ئازاد یان دەقاودەق لەشاهنامەی فارسی وەرگیراون .**

**ئەم چیرۆکەش جیالەوانەی کەچاپ کراون من دەست نوسێکم دەست کەوت کەزۆر لەوانەی کۆنتر و هەندی جییاوازی رێنوسیو نوسەرانی لێ دەکەوێتەبەرچاو ئەگەرچی شاعیرو نوسەرەکەی دیاری نەکراوە ، کەچی لە ژێرلاپەڕەیەکی دائاوا نوسراوە(** این نوشتم بهرروزگار من نمانم خط بماند یادگار١٦٧٧) **دیارە مێژوەکەش زایەنین (میلاد)ی یانێ ٣٢١ساڵی پێش ، دیارە مێژوی هیچکام لەوشاعیرانەی لەپێشدا بەناوی دانیر یان وەرگێڕی شاهنامەی کوری ناومان بردن ناگرێتەوەو پێش هەمویان بووە ، ئەودەست نوسەش لەکۆتاییدا ناتەواوبو تائەوەی دەست نوسێکی کەمان دەست کەوتە ئەگەرچی هەرناتەواوبو نوسیمانەوە و نیزیك بە٧٦٠ دێڕ دەرچو ، ئەمەش هەروەك ئەوانیتر لە سەرشیعری دەبڕگەیی و قاڵبی مەسنەویدا داڕژاون و بە گازەو پاڕانەوە دەس پێ ئەکات ، وێنە .**

**بەنام بێچون پادشای بێباك          قادرسوبحان فەرد تنیای تاك**

**بەسەرهاتەکەش وا دەس پێ ئەکات، یەك رۆژ زۆربەی سەردارانو پیاوماقوڵان لە مەجلیسی کەیخەسرەودا ئەبن ، لەوکاتە چەند کەسی لەناوچەی ئەرمان کەبەشێ لەوڵاتی ئێرانو نیزیکی سنوری توران ئەبێ ، هاواردێنن بۆدەرباری شاهی کەوا ژیانیان بەدەست خوگانی ناپاك تاڵ بوەو هەرچی رەنج ئەدەن بەخەسار ئەچێت ، کەیخەسرەورو ئەکاتە سەردارانیو دەڵێت کییە ئەوداخوازی منی بەهی خۆی بزانیو ئەو خەڵکە لە ستەمی خوگان رزگارکات ، هیچکام لە دانیشتوان ناتوانن ئەوبەڵێنەبدەن ، لەوکاتەدا بیژەن هەڵ ئەسێتەوەو روئەکاتە کەیخەسرەوو دەڵێت ئەگەر سەروەر هەموان لوتفی بێت من دەچم بۆ ئەوناوچەیەولە ژێر لوتفی ئێوەدا تەواوی ئەوخوگانە نابودئەکەم ، لەوکاتە گیولەوواتەی بیژەنە تورٍ ئەبێو بەشەلاق دێت بەجەستەی داو دەڵێت مەگەر شێتی لەنێو ئەوهەمو پاڵوانو سەردارانەدا خۆت عەلەم ئەکەی، مەگەرنازانی شەڕی ئەوانە چۆنەو داوای لێبوردنیش ئەکالەکەیخەسرەوکەوابیژەن منداڵەو نەفامە، بیژەن لەو**

هەرمانو واتەی باوكیە زیاتر نارەحەت ئەبێ كەگوایا ئەوبەهیچ ئەزانن ، دووبارە روئەكاتە پادشاو دەڵێت لەباوكم مەگرە من هەردەڕۆم تەنها یەك نەفەرم دەوێت كە رێنوێنی كەرم بێت ، كەیخەسرەو لەوهەرمانەی بیژەن خۆشحاڵ ئەبێو فەرمان ئەدا بە گورگین تۆ باشترلەهەموان ئاگاداری ناوچەی ئەرمانی لە گەڵ بیژەندا برۆ ، گورگینیش كورنوش دەبا بۆ شاو لەگەڵ بیژەندا بەرەو ئەرمان بەرێ ئەكەون ، تادەگەنەئەوسەرزەوینەو روئەكەنە دارستانو بێشەزاری خوگان بیژەن داوا ئەكا لەگورگین كەكوزەرگایە بگرێ هەتا هیچ خوگێ لەدەستیا دەرنەچێت ، گورگین دەڵێت من تەنها رێنەوێنی كەرم وكارم بەشەڕی خوگانەوە نیە، بیژەن بەتاكی تەنیا روئەكات ئەوبێشەزارەو هەرچی خوگی تێدا ئەبێ لەناوی ئەبات هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆلای گورگین ، ئەویش كەبەوی دەزانیت بیرلەوەی ئەكاتەوە ئەگەر هەروا بیژەن هەڵ گەڕێتەوە بۆ پایتەخت ئابڕو ئەودەچێت ، ئەكەوێتە پیلان گێڕان بۆیو ئەوند دەس ئەكا بەتاریف كردنی كچی ئەفراسیاب بەناوی مەنیژە كەوا هەرساڵ لەم كاتەدا دێت شوێنێكی نیزیكی سنوری ئێرانو ماوەیە بۆ رابواردن لەوەی دەمێنێ تەوە ، بیژەن دەڵێت باشە دەچین بۆ ئەوشوێنەو ماوەیە رادەبوێرن، لەگەڵ گورگین دا ئەرۆنو تادەگەنە نیزیكی ئەوشوێنە ، لەویدا مەنیژەوبیژەن كەچاویان ئەكەوێت بەیەك عاشقی یەك ئەبن و بەشێوەیەكی نالە بار مەنیژە بیژەن ئەواتەوە بۆ خوتەن پایتەختی توران ، بیژەن كاتێ لەوەی ئاگادار ئەبێ زۆرناڕەحەتو لەوهاتنەی پەشیمان ئەبێتەوە، مەنیژە بەمەكرو فەن دڵ خۆشی ئەكاو ماوەیە پێكەوە رادەبوێرن تائەوەی ئەفراسیاب لەو هەرمانە ئاگادارئەبێت ، دەس بەجێ فەرمان ئەدا بەگەرشێوز كەبیژەن باڵ بەسكاو بی هێنێت ، گەرشێوزیش كاتیٚ دەچێتە نێو باخی دڵ گوشاو چاوی ئەكەوێت بەبیژەن یەكەم جار بەتوڕەیی روی تێ ئەكاودەڵێت ، نەترسای لەهەیبەتی شای توران كەئاوا لێرەدا خەریكی رابواردنی ، بیژەنیش دەس بە خەنجەر هەڵمەت ئەدا بۆ گەرشێوزو ئەویش لە ترسان بەزمانێتر روی تێدەكاوكەوا فەرمانی پادشایە ئەبێ باڵ بەس بچینە خزمەتی و هەرچی پرسیاریشی كرد من جوابی ئەدەمەوە، ئەوەندە قسەی نەرمو ئارامی بۆ ئەكات هەتا بیژەن باڵ بەس ئەكرێت ، ئەوكاتە بەراكێشان دەیبەن هەتا دەگەنەلای ئەفراسیاب ، ئەویش پاش وتووێژێ فەرمان ئەدا كەلە بازاڕی شاردا لەقەنارەی بدەن ، لەوكاتەی كەخریكی لەقانارە دانی ئەبن پیرانی وەیسە بەوهەواڵە دەزانێو فەرمانی راگرتنی لەقەنارە دانی بیژەن ئەداو دەچێت بۆلای ئەفراسیاب و بەراوێژێكی دورودرێژ ئەفراسیاب لەوفەرمانەی پەشیمان ئەكاتەوەو بیژەن لەچاوانەی ئەرژەنگی دێوزیندانی ئەكەنو مەنیژەی كچیشی لەبەر ئەوبێ حورمەتیەی كەبەسەریا هیناویە بەرەڵائەكاو ، ئەویچ یەكڕاس ئەچێتە سەرئەوچاوانەو ئەبێ بەهاودەمو خەم خۆری بیژەن.

لەولایشەوە گورگین هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ پایتەختودەڵێت كەبیژەن پاش كوشتنی ئەوخوگانە رۆژێك لەراوگەدا ئەكەوێتە شوێنی گۆڕێكو هەرچەند گەڕاوم نەمدۆزیوەتەوە ، كەیخەسرەوسەرداران باوەڕ بەوواتەی گورگینە ناكەن و هەرچەندەش ئەگەڕێن بەشوێن بیژەندا لەهیچ شوێنی نایدۆزنەوە، تائەوەی بەهار دێتو كەیخەسرەو بەرەسمی ساڵانە لەجامی جەهان نما دەڕوانی و بیژەن لەچایەكا لەسەرزەوینی خوتەن پەیدا ئەگاو نامەیە دەنێرێ بۆرۆستەم وداوای لێ ئەكات بۆرزگاری بیژەن هەنگاو هەڵ گرێت كاتی رۆستەم دێت بۆ پایتەخت بەراویژكرن لەگەڵ كەیخەسرەودا بەشێوەی تاجر روئەكاتە تورانو بەدەردی سەرێكە زۆربیژەن رزگار ئەكەنو لەوكاتە هەڵمەت ئەبەنە سەر ئەركی شای ئەفراسیابو هەزاران كەس ئەكوژن، ئەفراسیاب بەوەی دەزانێت هەرئەوشەو لەوێ هەڵ دێوسپایە جەم ئەكاو بەیانی

لەشوێنی رۆستەم ودارو دەستەکەی بەرێ ئەکەوێت ، رۆستەمیش کەئەوەی لەپێشدا پێش بینی کردوەوسپایەکی لەسەرسنور داناو هەواڵ ئەدابەوسپایە کەبەرەو توران هەرەکەت بکەن هەرلەوکاتەی کەئەفراسیاب ئەگا بەکاروانی رۆستەم سپای ئێرانیش دەگەنە ئەوشوێنەو دووسپا دەرژێنە یەکوئەوەندەی پێ ناچێت کەسپای توران تێك ئەشکیو ئەفراسیاب هەڵ دێو هەرزاران کەس بەدیل ئەگرنو چەپاوێ بێ حەد لەگەڵ خۆیان دێننوبەرو ئێرا ئەگەڕێنەوە کەیخەسرەو کەئەوهەواڵە ئەبیسێت لەگەڵ سەردارانی دا ئەچن بەپێشوازی رۆستەم و بەدیدار یەك شاد ئەبنەوە، لەو کاتە بیژەن دەچێتە خزمەتی پادشاو سپاسو پێ زانین خۆی ئاراستە کەیخەسرەو ئەکات، ئەویش بیژەن لەئامیزی خوی ئەگرێو پاشان گیو بانگ ئەکاو دەستی بیژەن ئەخاتە نێو دەستی گیو و هەرلەیشدا فەرمانی زەماونی بیژەن لەگەڵ مەنیچەدا دەرئەکاولەسەرئەرکی شاهی تەواوی پێداویستێکانی ئەوزەماوەندە جێ بەجی دەکرێت بەم شێوەیە یەکیتر لە بەسەر هاتەکانی شاهنامەی کوردی کۆتایی پێ دێت .

## چیرۆکی رەزمی حەوت لەشکر

یەکیتر لە بەسەر هاتانەی شاهنامەی کوردی رەزمی حەوت لەشکرە کەجییالەناوی هەندێ لەپاڵەوانان و کەسایە تیە ناودارەکانی وەك رۆستەم وزاڵ وئەفراسیاب وپیرانە وەیسە،بابەتێکی تایبەتی شاهنامەی کوردیەولە شاهنامەی فیردەوسی دا شتێکی وامان ناکەوێتە بەرچاو.

لە لایەتریشەوە ئاغەی ئیرەجی بەهرامی ئەم چیرۆکەی بەناوی لەعل پۆشو یاقوت پۆش ، لەگەڵ بەسەرهاتی مەنیژە و بیژەن دا بەچاپی گەیاندوەو رەزمی حەوت لەشکری کردوەبەلەعل پۆشو یاقوت پوشی بەناوی موستەفای کوڕی مەحمودی گۆران دانراوە ، جییا لەوەی کەئەم دەست نوسە لە چەندەها نوسخەی ناوچەیی بەناوی رەزمی حەوت لەشکر دانراو لە ناوەرۆکی هەمویشیان لە چەند لاوە ئاماژە کراوەبەناوی حەوت لەشکر ، بۆوێنە دەست نوسەکەی لای ئێمە.

ژنیا تەپڵ کـۆس هــەفت لەشکریەکسەر          سـوارییـن وەزیـن فـەغفورو قەیسـەر

هەتا لەخودی کتێبەکەی ئاغەی بەهرامیش دائاوا دەڵێت.

ئەورۆهەفت لەشکر کەردن غـەوغای جـەنگ          گـیـوو گـودەرزی بەوێنـەی پڵـەنگ

بۆیەناویشی نراوە حەوت لەشکرحەوت سپا لەدەشتی رەیدا روبەروی یەك سەف ئارایی ئەکەن ، ئەوەی لای ئیمەو کتێبەکەی ئاغەی بەهرامی جییا لەهەندێ وردەکاری بچوك و ئەوشوێنەی لەسەرەتاوناوەراست دا ناوی موستەفای تێدا هاتوەهەروەك یەکن و جییاوازیەکی وایان ناکەوێتە بەرچاو، ئەودەست نوسەش کەدەستی ئێمە کەوتوە یەك نەفەر بەناوی نامداری زەمانی نوسیویە وخەتەکەیشی زۆر ناخۆش و لەزۆرلایشەوە تێکەڵی کردوەو منیش هەروەك خۆی نوسیومەتەوە ، بەتیك راش نزیك ٢١٤٠ دێرەو لەسەر شیعری دەبڕگەیی و قاڵبی مەسنەوی داڕژاوە .

چۆنیەتی دەس پێکردنیشی ئاوایە ، رۆژێ ئەفراسیاب لەگەڵ پیرانی وەیسەدا دەس ئەکابەراوێژ کردن و دەڵێت ئەبێ سپایەکی بێ سامان کۆکەینەوەوهێرش بەرینەسەر ئێران و کەیخەسرەوو رۆستەم وزاڵ لەناو بەرین و بیخەنە ژێر دەستی خۆمان ، کەئەوسپا زۆرەش لەچەند لاوە باسی کراوە بەناوی (حەوت نۆسەد هەزار ) ئەوکاتەش باوەڕی بەسەرکەوتن زیاترئەبێت کەتەیموری شۆخ کەمان پادشای خوارەزم یەکی لەپاڵەوانانی ئەم بەسەرهاتە بەسپایەکی زۆرەوە دێتەیارمەتی ئەفراسیاب و ئەویش ئەیکات بەسپەسالاری هەردوو سپاکە.

لەم لایشەوەکەیخەسرەوئەوهەواڵەی پێ دەگات بەراوێژکردن لەگەڵ رۆستەم وسەردارانی دا سپایە کۆ ئەکەنەوەو لەدەشتی رەیدا روبەروی ئەوسپایە رائەوەستن ، هەر لەو ماوەیەدا کەیخەسرەودەچێت بۆراوو لە راوگەدا لەگەڵ سەد کەسی هاورێی بەدەستی تەیمور بەدیل ئەگیرێن، ئەڵبەتە بەشێوەی نەناسراو، هەرلەوکاتە ئەفراسیاب فەرمانی کوشتی هەمویان ئەدا پیران دەڵێت وا باشترە کەئەوانە راگرێ تادوای شەڕ ئەفراسیابیش وتەکەی پیران پەسەند ئەکاو ئەیانداتە دەستی تەکش خان و لە گەڵ دەهەزار سپادا ئەیان بەن بۆ قەڵای سفید حەسار ، هەرلەو ماوەیەدا بەوەسیلەی رۆستەمی یەك دەست کەئەویش یەکێتر لە پاڵوانانی ئەم بەسەر هاتەیە رەخشی رۆستەم ئەدزرێو بە فەرمانی ئەفراسیاب ئەیبەن بۆ مەڵبەندی جادوگەرانو ئەیدەنە دەستی گەورەترین جادوگەری ئەودەورانە بەناوی ساحیرەی مەرجانەی جادو، رۆژی دوایی کەرۆستەم لە دزینی رەخش ئاگادار ئەبێت بە توڕەیەوە رو ئەکاتە سەردارانو دەڵێت ئەم شەو نۆبەتی کێشکی کامتان بووە ، دەڵێن فەرامەرز بووە ، برزولەو کاتە رو ئەکاتە فەرامەرزو برێ قسەی نامەربوتی پێ دەڵێت ، فەرامەرزیش لێی توڕ ئەبێو هەڵمەت ئەدەن بۆیەك ، لەوکاتەدا رۆستەم رادەی توڕەیی لەحەد دەرئەچێت بەقەمچی دێت بەسەرو شانی فەرامەرزدا وئەویش لەبەرئەولێ دانەلەسپا ئەتۆرێو رووئەکاتەدواوەو پاش ماوەیە لەگەڵ سپایەکی سی هەزارکەسی وناوی خۆی دەنێت کۆکەشی کوڕی زوحاك وبەشێوەی نەناسراو دێت بۆمەیدانی شـەڕولەروبەروی ئەوسپانەدائەویش رادەوەستێو داوای دەسەڵاتی ئێرانو توران ئەکات ، ئەڵبەتە لەماوی شەڕدا چەندەها جار بەفریای سپای ئێران ئەکەوێت .

هەرلەو کاتەدووپادشازادە بەناوانی لەعل پۆشو یاقوت پۆش بەسپایەکی گەورەوە دێنە بۆمەیدانی شەڕلەگەڵ ئەفراسیاب و ئێران داواکاری هەردوو وڵات ئەکەن کە ئەوانیش بە هونەر نمایەکی زۆرەوە دەورێکی کاریگەر لەوشەڕدا ئەبینن، پاش ئەوانیش پادشایەکی کە بەناوی بەهرامی تەبەردار لەگەڵ سپایەکی بێ ساماندا ئەویش دێتو لە روبەروی ئەو سپانەدا سەف ئارایی ئەکاو لە روبەروی بونی مەیدانی شەڕدا تەواوی پاڵەوانانی ئێرانوتورانیش جیا لە رۆستەم هەمویان بەدیل ئەگرێت و داوای هەردو وڵاتی ئەکات .

یەکێتر لەو سپانە هی جەهانگیری کوڕی فەرامەرز ئەبێت ئەویش کاتی بەوەی دەزانێت کەرۆستەم داویە لە فەرامەرز ئەویش بەسپایەکی بێسامانی هندیەوە بەشێوەیەکی نەناسراو بە ناوی پڵەنگینە پۆش دێتولە بەرابەری ئەوسپایانەدا رائەوەستێ ، کە ئەویش چەند جاری بەیارمەتی ئێران لە گەڵ سپای توراندا ئەکەوێتە شەڕ و لایەنگری ئێران زیاتر ئەکات.

یەکێتر لەو پادشانە کەدێت بۆ یارمەتی ئەفراسیاب فهرست شای مەغریب ئەبێت کە گەورە ترین پێش بینی کەرو غەیب وێژی بەناوی سالکی غەیبدان ئەبێت ، پاش ئەوسەف ئارایە رۆستەم لەبەرنەبونی رەخش ناتەوان ئەبێو زۆریش نارەحەت هەتا ئەوەی لەخەودا پیرێکی فەرزانە دەبینێو پیێ دەڵێت جەهانبەخش رەوانەی حەوت خوان بکا هەتا رەخشت بۆ بێنێتەوە ، جەهان بەخش بەپێشنیاری رۆستەم بەمەرجی ئەوەی یان فەرامەرزی بۆ پەیدا کات یان تۆڵەی لەبرزو بکاتەوە دەچێت بە شوێن رەخشاو حەوت خوانێ بەشێوەی رۆستەم لەپشت سەرئەخاتو رەخش دینیتەوە بۆ روستەم ، لەو ماوەیەدا شەڕو پێکاچونێکی زۆر لە نێوان ئەوسپانەدا رو ئەداو پاش مەرارەتێکی زۆریش کەیخەسرەو لە بەند رزگار ئەکرێت.

بەهاتنی رەخش رۆستەم وەك جاران سواری ئەبێو روئەکاتەمەیدانو بە زاڵ بونی بەسەر سەردارانا کە زۆربەیان یەك لەدوای یەك بە کوڕو کوڕە زای خۆی دەر ئەچن ، تەیمورو بەهرامی تەبەردار بەکوڕی برزو ، لەعل پۆش و یاقوت پۆش بە کوڕانی جەهانبەخش ، کوکەش و پلنگینە پۆش بە فەرامەرزو جەهانگیر ئاشکار ئەبن ، پاش یەك گرتنی ئەو سپانە هێرش ئەبەنە سەر سپای توران وئەفراسیاب وپادشای مەغریب بەشێوەیەکی نالە بار تێك ئەشکێنو تەواوی توران ئەکەوێتە ژێر دەستی ئێران و بە فەرمانی کەیخەسرەو بەهرامی تەبەر دار ئەکرێت بەپادشای تورانو تەیمورو لەعل پۆشو یاقوت پۆشیش ئەبن بەسەردارانی سپای تورانو ئەوانیش بە سەربەرزی ئەگەڕێنەوە بۆ ئێران بەم شێوەیە ئەم چیرۆکەش دوای دێت.

## چیرۆکی رۆستەم وزەردەهەنگ

ئەم چیرۆکەش تایبەتی شاهنامەی کوردیەو لە فارسیەکەدا شتێکی وامان ناکەوێتە بەرچاو ئەگەر چی زۆربەی پاڵەوانەکان هەرئەوانەی شاهنامەی فیردەوسین کەچی لە پاڵ ئەوانەش دا کەسانێکی وەك ، زەردەهەنگ ، نەهەنگاڵ ،جەم جەم ، سەمسام ، سەمەن شاە ، ئەسقەلان ، پیل گۆش ، جەهان بین ، جەهاندار نەتعەمین ، زەڕدارو زەڕ پۆش ، ئەورەنگ ،عەرابە ، وە شەهبازی جەنگی ئەکەونە بەرچاو کە زۆربەیان تایبەتی ئەم بەسەرهاتەن و تابە ئەمڕۆش لە هیچ شوێنێکا بەچاپ نەگەیشتوە .

منیش لەروی دوودەست نوس نوسیومەتەوە ، یەکەم دەست نوسی لوتفڵای عەتایی کەلەساڵی ١٣٣٥ هەتاەی لە کرماشان نوسیویەتی، دووهەم دەست نوسی سۆفی رەسوڵی لەشاری پاوە نوسیویەتی، کەبە تیك را نیزیك بە ١٢٥٠ دێڕەو لە سەر رەوشتی شیعری دەبڕگەیی وقاڵبی مەسنەوی داڕژاوە .

چۆنیەتی دەس پیێ کردنیشی ئاوایە کەئەفراسیاب پاش شەڕی حەوت لەشکر وەها تیێ ئەشکێت ، بۆماوەی حەوت ساڵ سەرگەردان و ئاوارە دەبیێ، بەهرامی تەبەر دار بەفەرمانی کەیخەسرەو ئەبیێ بە پادشای توران ، پاش ئەو حەوت ساڵ سەرگەردانیە ئەفراسیاب رۆژیێ رو ئەکاتە پیران و دەڵێت لەهەرزەمانێکدا کەوتوینەتە نێودەردیسەرەوەتۆبە زیرەکی خۆت رێگا چاریەیەکت بۆمان دۆزیوەتەوە ئێستایان نامەدی چارەی منە یان تۆش هۆشت لەسەرنەماوە کە رێگاچارەیە بۆئەم

دەربەدەری وئاوارەیە نادۆزیتەوە ، پیرانیش ئەچێت بەفكراو پاش ماوەیە دەڵێت ، تەنها رێگا چارەمان ئەوەیە پەنا بەرین بۆلای سەمسار شا پادشای قەندیل قەلا كە پاڵەوانانی وەك زەردەهەنگ و نەهەنگاڵ و سورخابشای لە خزمەت دایە كە هەركام سەدان پاڵەوانی وەك رۆستەمیان هەیە، ئەفراسیابیش روئەكاتەقەندیل قەلاو دەچێتە لای سەمسار شاو بەسەر هاتی خۆی بەوردی بۆ ئەگێرێتەوە ، سەمساریش كەئەو بەسەرهاتەی ئەفراسیاب دەبیسێت دڵی بەحاڵ ئەسوتێو بەڵێنی یارمەتی بۆئەدا ، پاشان لەگەڵ پاڵەوانەكانیاسپایەكی شەش نۆسەد هەزار بەرەو توران ئەكەونە رێگاو لەیەكەم پێكا چوندا لەگەڵ سپای بەهرامشای تەبەرداردا سەركەوتن بەدەس دێننوبەهرام شاو تەیموریش بەدیل ئەگیرێن ، كاتێ ئەوهەواڵە ئەگات بەئێران سپایە بەسپەسالاری رۆستەم بەرەو توران بەرێ ئەكەوێو پاش شەڕێكی تولانی پاڵەوانانی شای قەندیل قەلا یەك لەدوای یەك بەدەستی رۆستەم و منداڵەكانی ئەگوژرێنو هەتا خودی سەمسار شاو ئەفراسیابیش لەم شەڕدا ئەكوژرێن ، كە ئەفراسیاب لێرەدا بەدەستی كەیخەسرەو ئەگیرێتو ئەگوژرێت ، كەئەم بەسەر هاتە لە شاهنامەی فیردەوسی دا لە شەڕ گەوری ئەفراسیاب و كەیخەسرەودا رو ئەدا و تەنها نزیكی ئەم بەسەرهاتە لەگەڵ شاهنامەی فارسی دا ئەم بابەتەیە ئەویش بەجیاوازیەكەوە ، كەیخەسرەویش پاش كوژرانی ئەفراسیاب و هەڵ گەڕانی بۆ ئێران بڕیار ئەدا دەست لە پادشاهی هەڵ گرێت وهەرچی لالەی لێ دەكەن پەشیمان نابێتەوەو لەگەڵ چەند كەسێكا دەچێت بۆ كێوی دەماوەندە لە نێو بەورو تۆفانێكا كەیخەسرەو ون ئەبێو ئیدی لەوە بەدواو هیچكەسێ نەیدیوە ، لەم چیرۆكەش دا بەسەرهاتی دووپادشای گەورەی شاهنامە كەبەراستی دەورێكی كاریگەریان لەو بەسەرهاتانی شاهنامەی كوردی وفارسیدا گێڕاوە كۆتایی پێ دێو هەروەها كۆتای ئەم چیرۆكەش .

## چیرۆكی رۆستەم وئەسفەندیار

ئەم چیرۆكەش یەكێترلەو روداوەدڵتەزێنانەی شاهنامەیە كەپادشازادەیە لەنەوەی كەیانیان بەدەستی گەورەترین پاڵەوانی شاهنامە یانێ رۆستەم ئەكوژرێت ، ئەم بەسەرهاتەش وەك زۆربەی بەشەكانی تری شاهنامەی كوردی بە وەرگێڕانێكی ئازادا لەشاهنامەی فیردەوسی دێتە ئەژمارەوە و جییاوازیەكی ئەوتۆی ناكەوێتە بەرچاو ، هەتا لەزۆربەی شوێنە كانیدا دەقاو دەق وەرگێڕاوەتەوە بۆوێنە.

فارسی :

تو آنی کـــه گفتـــی کـه روئین تنم　　　بلنـــد آسمـــان بر زمین بر زنم
من از تو صــدوشصت تیر خدنگ　　　بخوردم و ننــالیـدم از نام ننگ

كوردی :

**تــۆ كــە مـــــەواتی مــن روئـین تـــەنم　　　هـەماوەرد نیـەن جـە زەربـە و فـەنم**
**مــن جـە دەســت تـۆ چـەند تیركـاری　　　وەردم نـــەنالام بـــە دڵ ئـــازاری**

ئاوا شتانێکیش لە تەواوی ئەم چیرۆکەدا ئەکەونە بەرچاو لە زۆرشوێندا وشەکانی هەر وەك خۆی کەڵکی لێ وەرگیراوە، پاڵەوانەکانیشی هەرئەوانەی شاهنامەی فیردەوسین و ئیدی بەپێویستی نازنم ناویان بەرم ، ئەم بەسەرهاتەشم لە روی دوودەست خەت نوسیونەتەوە، کە یەکێکیان زۆر کۆن و کردم بەسەرچاوە لەبەر ئەوەی چەند لاپەڕەیەکیشی نەمابو لە دەست خەتی دووهەم کەڵکم وەرگرت، لە هەردوو دەست خەتەکەش نەناوی شاعیروەنە نوسەریان لەسەر نەنوسرابوو، تەنها ئەوەندە لە کۆتایی دەست خەتی یەکەم دا ئاوا نوسرابوو (تمت شد در یوم پنچشنبە هفدهم زالقعدە ١٢٨٠) بە تێك ڕای نیزیك بە ٧٢٠ دێڕو وەك ئەوانیتر بەشیعری دە بڕگەیی و لە سەر قاڵبی مەسنەوەی داڕژاوە.

واش دەس پێ ئەکات کەئەسفەندیار کوڕی گەشتاسب پادشائەبێ و بە هەوای پادشایی شەڕو پێکاچونی زۆر لە گەڵ دوژمنانی گەشتاس دا ئەکاو هەمویشیان لە ناو ئەبات، هەرجارێکیش لەوشەڕانەی هەڵ ئەگەڕێتەوە باوکی بیانویە تری لێ ئەگرێ ، تائەوەی ئیدی ئەزانێت هیچ شوێنی نەماوە کە ئەسفەندیار بۆماوەیەتر دەس بەسەرکات ، رەوانی شەڕلەگەڵ ڕۆستەمی ئەکات کە پێی دەڵێت ڕۆستەم پاش کەیخەسرە ملی بۆهیچ پادشایەکی ئێران دانەنەواندوەو ئێمەش بەهیچ دەزانێو بە مەرجی باڵ بەست کردنی ڕۆستەم تاج و نەختی پادشاهیت پێشکەشت ئەکەم.

ئەسفەندیاریش کە (روئین تەن) یانێ لەش لە ئاسن ئەبێت بۆ باڵ بەس کردنی ڕۆستەم ڕۆ ئەکاتە سیستان و لە گەڵ ڕۆستەما ڕۆبەرو دەبن، ڕۆستەم هەرچی پێی دەڵێت کە دەس لەو شەڕە هەڵگرێت لە بەرئەوەی تابە ئەمڕۆ کەس نەی توانیوە ڕۆستەم باڵ بەس کات و ئەویش پادشازادەیەو کوشتنی پادشازادەش لەمەکتەبی ئێمەدا تاوانە ، ئەسفەندیار ئەو ئامۆژگاریانە بەفەنو فێڵ ئەزانێو دەڵێت یان شەڕ یان بەباڵ بەست کردنی تۆمن قەناعەت ئەکەم، ڕۆستەمیش کە باڵ بەس کردن بەنەنگ ئەزانێت بەناعیلاج ئەکەوێتە شەڕلەگەڵ ئەسفەندیاردا، کەلەو ماوەیەدا ڕۆستەم هەرچی ئەکات هیچ کەرەسەیەکی شەڕلە لەشی ئەسفەندیار کاریگەر نابێت ، لە زۆربەی روبەرو بونەکاندا ڕۆستەم داماوی دەستی ئەسفەندیار ئەبێت، تائەوەی ڕۆژێکیان منداڵانی ئەسفەندیار لەگەڵ فەرامەرزی کوڕی ڕۆستەم بەشەڕ دێنو لەو پێکاچونەش دا دووکوڕی ئەسفەندیار بەناوانی (نوش ئازەرو مهر نوش ) ئەکوژرێن ، ئەسفەندیار کە ئەو هەواڵە ئەبیسێت بەیەکجاری تورِ ئەبێو ئەو روژە ئەوەندەتیر ئەدا لە ڕۆستەم کەلە مەیدان هەڵ دێو پەنا ئەباتە سەرکێوێك هەتا شەودادێو هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆلای زاڵ و سپاکەی ، لەو کاتە دا ڕۆستەم رو ئەکاتە زاڵ و دەڵێت لەدەستی ئەسفەندیار عاسی بووم دەزانم کە بەدەستی ئەو دەکوژرێم هیچ هازێکم تێدا نەماوە ، زاڵ کەئەو ناهومێدیەی لە ڕۆستەم ئەبینێت دەڵێت ، چارەی ئەم هەرمانە بەدەستی سیمورغە هەرئەو شەو پەڕی سیمورغ دێنێو لە ئاگری ئەخاو سیمورغیش دەس بەجی لەوێدا حازرئەبێت، کاتی تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە سیمورغیش دەڵێت، تەنها ڕێگە چارەی کوشتنی ئەسفەندیار دارگەزە کەلە قوڵایی دەریادایە، زاڵ ئەڵێت باشە ئیمەچۆن دەستمان بەو داربگات، سیمورغ خۆی ئەچێتو شاخیبە لەو دارەی بۆدینیو دەڵێت، ئەبی بە شێوە دوولەقان دروست کرێو سبێ لە مەیدان ڕۆستەم بیدا لە هەردو چاوی ئەسفەندیار، هەرلەو کاتەش چاوی

ئەکەوێ بەرۆستەم کەتەواوی لەشی تیر ئاژێن بووە چەند پەڕێکی خۆی دێنێو برینەکانی لەشی رۆستەم و رەخشی پێ سارێژ ئەکات.

